# پێوەرە پێشنیارکراوەکان بۆ هەڵبژاردنی بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان لە دیدی مامۆستایانی باخچەی منداڵانەوە لە هەرێمی کوردستان

# المعايير المقطرحة لاختيار مديري رياض الأطفال من وجهة النظر معلمات رياض الأطفال في إقليم كوردستان

# Recommended criteria for the selection of kindergarten principals from the perspective of kindergarten teachers in the Kurdistan Region

**سرمد صلاح محی الدین[1]، ئومێد محەمەد حەسەن[2]**

[1] بەشی دەروونناسی ، کۆلێجی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان ، زانکۆی گەرمیان،شاری کەلار، هەرێمی کوردوستان، عێراق

[2] بەشیباخچەی منداڵان ، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی ، زانکۆی سلێمانی ،شاری سلێمانی، هەرێمی کوردوستان، عێراق

Corresponding author's e-mail:omed10681@gmail.com

## پوختەی توێژینەوە:

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە بونیادنانی پێوەرێکی پێشنیارکراو بۆ هەڵبژاردنی بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان لە دیدی مامۆستایانی باخچەی منداڵانەوە لە هەرێمی کوردستان، پاشان زانینی کاریگەری پێوەرەکە بەپێی گۆڕاوی ساڵی خزمەت و ئاستی بڕوانامەی زانستی، لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێنراوە، کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لە: مامۆستایانی باخچەکانی هەرێمی کوردستان، کە ژمارەیان دەکاتە ٥٦٧٩ ، بە ڕێگەی شێوازی "هەڕەمەکی پلەیی" بە ڕێژەی لە ١٠٪ ی چینەکانی نمونەی توێژینەوەکە ٥٦٩ مامۆستای باخچە بە "سامپڵ" هەڵبژێرا، لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە" لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان و خوێندنی کوردی لە کەرکووک. ئامرازی توێژینەوەکە بریتییە لە: پێوەرە پێشنیارکراوەکان بۆ هەڵبژاردنی بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان لە دیدی مامۆستایانی باخچەی منداڵانەوە لە هەرێمی کوردستان، کە لەلایەن توێژەرەوە بونیادنراوە، پێکهاتبوو لە ٧٠برگە، دابەشکراوە بەسەر سێ تەوەرەدا، تەوەری یەکەم: پێوەرە کارگێرییەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردنی بەڕێوبەری باخچە، تەوەری دووەم: لێهاتوویی و تایبەتمەندییەکانی پەیوەست بە پیشەی بەڕێوەبەری باخچە، تەوەری سێیەم: پێوەرە ئەخلاقی و پەروەردەیەکانی تایبەت بە بەڕێوبەری باخچە؛ لە گرنگترین ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان: (هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن، هاوکۆلکەی پەیوەندی سپێرمان-براون ، ناوەندی گریمانەیی، هاوکێشەی ئەلفاکرونباخ، هاوکێشەی (ت) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆ، هاوکێشەی ئاماری جیاکاری یەکی (One-way ANOVA) ، ناوەندی سەنگکراو (The weighted mean-)؛ لە گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەرکەوت:

١- ئاستی پێوەرە پێشنیارکراوەکان، لە ئاستێکی بەرزی بەڵگەداریدایە، لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان، لە هەرێمی کوردستان، چونکە سەرجەم هێزی برگەکانی پێوەرەکە بەهێز دەرچوو، جگە لە برگەی ژمارە چوار کە هێزەکەی ناوەندبوو.

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10519 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٣/٥ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٤/١٠ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٣/٣١ |
| ئیمەیلی توێژەر | omed10681@gmail.com |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٤ پ. ی. د. سرمد صلاح محی الدین،ئومێد محەمەد حەسەن، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

٢- له هەڵسەنگاندنی سامپڵی توێژینەوەکەدا، هیچ جیاوازییەکی ئاماری بەڵگەدار نیە، بۆ پێوەرەکانی هەڵبژاردنی بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان، بەپێی گۆڕاوی "ساڵی خزمەت و بڕوانامە".

لە کۆتاییدا توێژەر کۆمەڵێک پێشنیار و ڕاسپاردەی خستەڕوو.

**کلیلە وشە :** پێوەر، بەڕێوەبەر، مامۆستای باخچە ، بەڕێوبردنی باخچە، باخچەی منداڵان.


## ملخص الدراسة

الهدف من هذه الدراسة هو وضع معيار مقترح لاختيار مديري رياض الاطفال من وجهة نظر معلمات رياض الاطفال في اقليم كوردستان ثم تحديد اثر كل سنة من سنوات الخدمة والدرجة العلمية في اختيار مديري رياض الاطفال، تكونت مجتمع الدراسي من معلمات رياض الاطفال في اقليم كردستان، والبالغة عدده ٥٦٧٩، وتم من اختيار عينة الدراسةمن خلال طريقة "التوزيع العشوائي التدريجي" بنسبة ١٠٪ من طبقات عينة الدراسة ، والبالغة من ٥٦٩ معلمة روضة أطفال في محافظات أربيل والسليمانية ودهوك وحلبجة وكرميان والمديرية العامة للتربية والتعليم والتربية الكردية في كركوك، كما استخدام الباحث اداة البحث هي المعايير المقترحة لاختيار مديري رياض الاطفال من منظور معلمات رياض الاطفال في اقليم كوردستان، تم بناءه من قبل الباحث وتألف من ٧٠ فقرة، مقسمة إلى ثلاثة محاور: محور الأول: المعايير الإدارية المتعلقة باختيار مديري رياض الأطفال ، محور الثاني: المهارات والخصائص المرتبطة بمهنة مدير الروضة، محور الثالث: المعايير الأخلاقية والتعليمية لمديري رياض الأطفال، ومن اهم الادوات الاحصائية المستخدمة هي (معامل ارتباط بيرسون، معامل ارتباط سبيرمان - براون ، المتوسط افتراضي، معادلة ألفا كرونباخ، المعادلة (التائية) لعينتين مستقلتين، معادلة أحادية الاتجاهOne-way ANOVA-، المتوسط المرجح) ومن أهم نتائج الدراسة ما يلي:

١ . ان مستوى المعايير المقترحة بشكل كبير بين معلمات رياض الأطفال في إقليم كوردستان كان مستوى عال ، لأن جميع نقاط القوة في عناصر المقياس قوية باستثناء الفقر الرابعة وهو ذات قوة متوسطة.

٢ . لا توجد فرق احصائية لدى عينة الدراسة في متغير سنوات الخدمة والمؤهلات العلمية في معايير اختيار مديري رياض الأطفال.

وأخيرا قدم الباحث مجموعة المقترحات والتوصيات.

## Abstract

The aim of this research is to establish a proposed criterion for the selection of kindergarten manager from the perspective of kindergarten teachers in the Kurdistan Region, Then, to determine the effect of the criterion according to the variables of years of service and level of scientific degree. This study uses the descriptive analysis method. The study sampled 569 kindergarten teachers. In the provinces of Erbil, Sulaimani, Duhok, Halabja, the General Directorate of Education of Garmian, and the Kurdish Education in Kirkuk. The research tool is: 70 paragraphs, divided into three themes, theme 1: administrative criteria related to the selection of kindergarten managers, theme 2: skills and characteristics related to the profession of kindergarten managers, theme 3: ethical and educational criteria related to kindergarten managers; from the perspective of kindergarten teachers in the Kurdistan Region, (Pearson's correlation formula, Spearman-Brown correlation formula coefficient, hypothetical mean, Cronbach's alpha equation, equation (t) for two independent samples, one-way ANOVA, weighted mean) were the most important results of the research:

1. The level of the proposed criteria is highly documented among kindergarten teachers in the Kurdistan Region, because all the strengths of the fragments of the criteria are strong except fragments number four, which is medium-strong.

2. In the evaluation of the research sample, there is no documented difference for the criteria for selecting kindergarten manager according to the variables of years of experience and qualifications.

Finally, the researcher made some suggestions and recommendations.

**Keywords:** Criteria, Manager, Kindergarten Teacher, Kindergarten Administration, Kindergarten.

## کیشەی توێژینەوە:

باخچەی منداڵان لانکی پێگەیاندنی نەوەکانی داهاتووە، وەک بەردی بناغە-یەکەیەکی بنەڕەتی ڕۆڵ دەگێڕێت لە: گەشە و نما و پێگەیشتن و شکڵگرتنی کەسێتی منداڵ، لە ڕووی تایبەتمەندی و کوالێتییەوە، هۆکاری بونیادنانی ئایندەیەکی گەش و پرشنگدار بۆ وڵات، هەربۆیە هەر گەل و وڵاتێک، باخچە و سیستەمی پەروەردەکەی تەندروست و پێشکەوتوو بێت، داهاتووەکەی ڕوونە، بە پێچەوانەشەوە گەر باخچە و سیستەمی پەروەردەی هەر وڵاتێک دواکەوتوو بێت، لە قەیراندا بێت، ئەو وڵاتە چاوەڕوانی داهاتوویەکی پرشنگداری لێناکرێت. بەڕێوەبردن و بەڕێوەبرنی باخچەکان بە شێوەیەکی تایبەت، لە کۆمەڵگا نوێیەکاندا پرسێکی گرنگە، چونکە لە ئێستادا بەڕێوەبردن میکانیزمی ئاراستەکردنی گەلانە، بە ئاراستەی بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان، لە ئێستا و داهاتوودا، ڕۆژ بە ڕۆژ گرنگییەکەی زیاد دەکات، ئەمەش بەهۆی "تەقینەوە و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، ئاڵۆزبوونی چالاکییە مرۆییەکان، وردبوونەوەی تایبەتمەندییەکان و ئاڵۆزبوون و بەرفرانبوونیانەوە"، بیریارانی بەڕێوەبردن لە هەوڵدان ،بە وردی مانا بۆ بەڕێوەبردن دەستنیشان بکەن، هەندێکیان وای وێنا دەکەن کە بەڕێوەبردن بریتییە لە: هاندان بۆ زیادکردنی بەرهەم، وە هەندێکی تر بە پلان دانان پێناسەی دەکەن، هەندێکیشیان جەخت لە تایبەتمەندیی و دابەشکردنی کار دەکەنەوە بۆ بەرزکردنەوەی توانایی و زیادکردنی بەرهەم (عابدین، 2005، ل19). دەکرێت ئەو ڕاستیە لەبەرچاو بگرین، کە لە وڵاتی ئێمەدا، پێوەر و بنەمایەکی فەرمی و زانستی بوونی نیە، لەمەڕ دانانی بەڕێوەبەری باخچەکان، ئەوانەشی کە هەن ناپیشەیین، دیارە ئەمەش بەگوێرەی زانیاری و بەدواداچوونی توێژەر، بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت، دانان و جێگیرکردنی کۆمەڵێک پێوەری پیشەیی و کارگێڕی، بۆ هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی بەڕێوەبەری باخچەکان، چەند گرنگ و چارەنووسسازە، بۆ دۆخی ئێستای پەروەردە، لە هەرێمی کوردستاندا، لەم توێژینەوەیەدا، ئێمە دەمانەوێت ئاوڕێک لەم پرسە گرنگ و چارەنووسسازە بدەینەوە، ئەوەش بڵێین مەبەستمان لە پێوەر بە دیاریکراوی کۆی ئەو توانایی و لێهاتووییانەیە کە دەبێ لەو کەسەدا هەبێت، کە وەک بەڕێوەبەری باخچە دەسنیشان دەکرێت.

بەشێوەیەکی گشتی کێشەی توێژینەوەکە خۆی لەم سێ پرسیارەدا دەبینێتەوە:

-بەربەستەکانی دانانی پێوەر بۆ هەڵبژاردنی بەڕێوەبەری باخچەکان چین؟

-ئەو پێوەر و بنەمایانە چین، کە دەبێت لەبەرچاو بگیردرێن لە هەڵبژاردنی بەڕێوەبەری باخچەکاندا؟

-پێوەرە پێشنیارکراوەکان چین بۆ هەڵبژاردنی بەڕێوەبەری باخچەکان لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەوە؟

## گرنگی توێژینەوە

"خانە" و "باخچەی منداڵان"، دوو یەکەی بنچینەین ، خانە وەک یەکەی بنەڕەتی دروستبوونی جەستەی "مرۆڤ"، باخچەیش وەک یەکەی سەرەتایی کیانێک، کە "دەوڵەت"ە، "خانە"کان لە ڕێگای تێکەڵبوون و پیتاندن و دەزووەدابەش بوونەوە ڕۆڵ دەگێڕن، بۆ ئەوەی لە ماوەی نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ، منداڵێک ئامادەبکەن بۆ ژیان، بەهەمان شێوە "باخچە"کانیش، بە شێنەیی ڕۆڵی تەواوکاری دەگێڕن، بۆ ئەوەی بە

پەروەردەیەکی باشی ئاست بەرز، نەوەیەکی چاوکراوە و بە ئاکار پێبگەیەنن، نەوەیەک بەوپەڕی ڕەوشت بەرزی و نیشتمان پەروەرییەوە لە هەموو کایەکانی وڵات، خزمەتگوزار بن لە بوارەکانی: "سیاسەت ، پزیشکی، پەروەردەیی، تەلارسازی، کوشتوکاڵ و پیشەسازی..."؛ هەربۆیە دەزگایەک بەم گرنگی و هەستیارییەی، جێگەی خۆیەتی کەسێک سەرکردایەتی بکات، کە پێوەر هەبێت بۆ پاڵاوتن و دەستنیشانکردنی، بەوپێیەی کە بەڕێوەبەر ڕۆڵی دیار و هەستیار دەگێڕێت، لە دەزگای باخچە، بۆیە دەبێت لە ئاستێکی بەرزی کواڵێتی و ڕۆشنبیریدا بێت، تا ئەندازەیەکی باش ئاگادار بێت، لە پێکهاتە و ڕەگەزەکانی کۆمەڵگاکەی، بەتایبەت " فەلسەفە و ڕێبازی سیاسی وڵات لەگەڵ سیستەمی کارگێڕی و سیاسی و پەروەردەیی و ئاینی"، چونکە ئەم ئاگامەندییە وای لێدەکات لە ئاست "پەیام، بەرپرسیاریتی و خەم"ێکی قوڵی مرۆی و نەتەوەیی و نیشتمانیدا بێت، لەمەڕ گەڵاڵەکردن و ئامادەکردنی دەروونی مامۆستایان، بۆ ئەرکی پەروەرشیاری و چاندنی بەها باڵاکانی کۆمەڵگا، چونکە باخچە، کەش و ناوەندێکی گونجاوە بۆ ئەم مەبەستە؛ بەوپێیەی کە باخچەی منداڵان پرسێکی چارەنووسسازە، ئاستی ڕۆشنبیری و گەشەی کۆمەڵگا دەردەخات، بۆیە جێگەی خۆیەتی لایەنی پەیوەندیدار، ئەم پرسە بەهەند وەربگرێت، هەوڵ بدات بۆ پەرەپێدانی توانای بەڕێوبەری باخچەکان و بەرزکردنەوەی کاراییان، بە مەبەستی جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتی پەروەردەیی وڵات.

هەروەک جۆن دیوی دەڵێت: "ئەگەر بمانەوێت کۆمەڵێکی باش و ڕێکخراومان هەبێت، ئەوا پێویستە منداڵ بەشێوەیەکی باش پەروەردە بکەین، گەر بمانەوێت تاکەکانی کۆمەڵگا بە جوانی ئەرکەکانیان بەجێبهێنن، ئەوا دەبێت هەر لە سەرەتاوە منداڵ لەسەر زانینی مانای ئەرکەکانیان ڕابهێنین، چونکە منداڵانی ئەمڕۆ پیاوانی دواڕۆژن، نەتەوەیش کۆمەڵێ تاکە، گەر بیرمان لە پەروەردەکردنێکی ئاکاری، تەندروستی و عەقڵی منداڵ کردەوە! ئەوا ئەمە مانایی بەرزبونەوەی کوالێتی تاکەکانی کۆمەڵگا و پێشکەوتنێتی"؛ بەکورتی گرەوی مێژوو ئەو کۆمەڵگایانە دەیبەنەوە، کە منداڵەکانیان بەشێوەیەکی زانستی پەروەردە دەکەن (قەرەچەتانی،2014، ل7). لە کۆتایدا دەکرێت ئەم توێژینەوەیە سوودی هەبێت، بۆ ئەو کەسانەی سەرپەرشتی پرۆسەی پەروەردە دەکەن، ئەو کەسانەی فەلسەفەی سیاسەتی پەروەردە دادەڕێژن، ئەو کەسانەی کە داواکاری پێشکەش دەکەن بۆ وەرگرتنی ئەرکی بەڕێوەبەری، دەکرێت پێوەرەکانی ئەم توێژینەوەیە، وەزارەتی پەروەردە کەڵکی لێوەربگیرێت وەک بەڵگەنامەیەکی پێشەیی و پەروەردەیی بەکاربهێنرێت، بۆ هەڵبژاردنی کەسانێک کە بتوانن سەرکردایەتی و ڕابەرایەتی باخچەی منداڵان بکەن، بۆ ئەوەی باخچەی منداڵان ئەو ڕۆڵ و ئەرکەی کە لەسەرییەتی بیگێڕێت و جێبەجێی بکات، لە ئاست گەشە و پێشکەوتن و ڕۆحییەتی سەردەمدا بێت.

## ئامانجی توێژینەوە

١- بونیادنانی پێوەرێکی پێشنیارکراوە بۆ هەڵبژاردنی بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان، لە دیدی مامۆستایانی باخچەی منداڵانەوە لە هەرێمی کوردستان.

٢ – زانینی کاریگەری هەریەک لە ساڵەکانی خزمەت و بڕوانامەی زانستییە، لە هەڵسەنگاندنی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ پێوەرەکانی هەڵبژاردنی بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان.

## سنووری توێژینەوە

سنووری مرۆیی، مامۆستایانی باخچەی منداڵان.

سنووری کات، وەرزی خوێندن: ٢٠٢١-٢٠٢٢

سنووری شوێن: هەرێمی کوردستان.

سنووری بابەت: لێکۆڵینەوەیەکە لەمەڕ پێوەرەکانی هەڵبژاردنی بەڕێوبەری باخچەی منداڵان.

## دیاریکردنی زاراوەکان

**١- منداڵ**

ژان پیاژێ دەڵێت: منداڵ بونەوەرێکی بایەلۆژییە، کە دێتە ژیان، هیچ زانیارییەک و مەعریفەیەکی پێشێنەیی نییە، بە تیپەڕبونی کات، فێری زانیاری و مەعریفە دەبێت، واتە منداڵ لە ڕێگای ئەزموونەوە، زانیارییەکان وەردەگرێت و بەرجەستەی دەکات؛ تەمەنی (٦-٤) بە قۆناغی باخچەیی ناودەبات (حەمەدمین، ٢٠١٦، ل ٣٣-٣٧،٣٤).

## پێناسەی ڕێکاری

منداڵ بونەرێکی بایۆلۆژیی پەتیە، بە هاڵکشانی تەمەن، پلە پلە دەگۆڕیت بۆ بوونێکی کۆمەڵایەتی دەروونی ئاڵۆز، بوون و مانەوەی پەیوەستە بەئەوانیتری دەوروبەر، تایبەتمەندی "ئەندامی، عەقڵی، هەستی، جووڵەیی، هەڵچوونی، زمانەوانی" خۆی هەیە کە جیای دەکاتەوە لە قۆناغەکانی دیکەی ژیانی مرۆڤ.

**٢- پێوەر**

-کۆمەڵێک دەرخەر و میکانیزمە، کە دەکرێت تیبینی و پێوانە بکرێن، لە ژێر ڕۆشناییاندا بڕیاریان پێبدرێت؛ دەکرێت لە ڕێگایەوە بڕیار لەسەر ئەزموون و تایبەتمەندیی و شیاویی ئەو مامۆستایانە بدرێت، کە دەیانەوێت پیشەی بەڕێوەبەری وەربگرن (عبدالخالق، ١٩٨٠ وەرگیراوە لە الزقوت ، ٢٠٠٧، ل٨).

## پێناسەی ڕێکاری:

-بریتییە لە: دەستەواژەیەکی وەسفی دانپێدراو، کە بەکاردێت بۆ ناسین و نماینده و دیاریکردنی "کوالێتی، نرخ وبەها"ی ئەو شت و بابەتەی کە پێوەرەکەی بۆ دیاریکراوە.

**٣- باخچەی منداڵان**

دەزگایەکی کۆمەڵایەتی-پەروەردەییە- کە هەڵدەستێت بە ئامادەکردنی منداڵ بۆ چوونە نێو قوتابخانەی بنەڕەتی، ئەمەش بۆ ئەوەی هەست بە گواستنەوەیەکی کوتوپڕ نەکات، لە گواستنەوە لە ماڵەوە بۆ قوتابخانە؛ باخچە ئازادیەکی تەواو بە منداڵ دەبەخشێت بۆ چالاکی جۆراو جۆر و دۆزینەوەی تواناکانی، یارمەتی منداڵ دەدات بۆ بەدەستهێنانی توانایی و کارامەیی جۆراوجۆر )محاسیس، ٢٠١٠، ل٨٠).

پێناسەی ڕێکاری:

-ناوەندێکە بۆ پتەوکردنی جەستە، بەهێزکردن و دەوڵەمەندکردنی زەین و زمانی منداڵ، بۆ خۆناساندن و بەکۆمەڵایەتیبون، ڕزگاربون لە گرفتی دەرونی و خۆنەسازاندن، قۆناغی ئامادەکردنی منداڵە بۆ قوتابخانە.

**٤- بەڕێوەبەری باخچە**

- کەسێکە لێپسراوە لە کاروباری باخچە، بەهۆی پۆست و توانای بەڕێوەبردنەوە دەتوانێت کاربکاتە سەر تێکڕای چالاکی ئەندامانی ستافی باخچە، بەڕێوەبەر چالاکییەکان ئاراستە دەکات بۆ گەیشتن بە ئامانجی باخچەی منداڵان، لە پەیوەندیدایە لەگەڵ لێپسراوانی سەرووی خۆی (حەمەبابان، محمد، محمد، ٢٠١٦، ل١٠٥).

## پێناسەی ڕێکاری

- کەسێکی یەکەم و بەرپرسی یەکەمی باخچەیە، خاوەن کۆمەڵێک لێهاتوی "تەکنیکی و مرۆی"یە، بەتوانایە لەمەڕ وێناکردن و پێشبینیکردنی کاروبار و ڕووداوەکانی ناو دەزگاکەی، بە لۆژیکی نەرمێتی و هەندێکجاریش توندێتی، ئەرکە کارگێڕییەکانی باخچە جێبەجێ دەکات، بۆ گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەکان.

**- ٥- مامۆستای باخچەی منداڵان**

مامۆستای باخچەی منداڵان بەوە پێناسە کراوە، کە دایکی جێگرەوەیە، نوێنەری بەها باڵاکانی کۆمەڵگایە، کەناڵی پەیوەندی نێوان ماڵ و

باخچەیە، خاوەن توانا و تێگەیشتنی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییە، کەلتور و ڕۆشنبیری کۆمەڵگاکەی بەلاوە گرنگە، تا لە ڕێگایەوە شێوازێکی گونجاو بەکاربهێنێت لە مەڕ بەڕێوەبردنی چالاکیە پەروەردەیەکانی ناوەوە و دەرەوەی پۆل (اصلان، ٢٠٠٩، ل١٠).

**پێناسەی ڕێکاری**

- کەسایەتیەکی "ئارام، هاوسەنگ، هێمن، تەندروست، دانا و بەتوانا"یە، ئامادەکراوە لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی پەروەردەیی، ڕفتار و بانگەشە و گفتارەکانی دەبێتە جێگرەوەی کەش و هەوای ماڵ و دایک و باوک و گەشەکردنێکی هاوسەنگ لەڕووی (ژیری، جەستەی، ئاکاری، ویژدانی)یەوە بۆ منداڵانی باخچە.

چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکانی پێشوو

## چەمکی سەرکردایەتی

سەرکردایەتیکردن واتە: پەیوەندییەکی کارلێکیی لە نێوان کەسەکان، لە ئەنجامی ئەم پەیوەندییە، کەسێک دەردەکەوێت، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت، بەرپرسیارێتی بەشێکی زۆر لە چالاکییەکانی کۆمەڵەکەی لە ئەستۆ دەگرێت؛ سەرکردایەتی کاتێک دەردەکەوێت، کەسێکی دیاریکراو کاریگەری لەسەر کەسێکی تر یان کۆمەڵەکەسێکی تر هەبێت، بە شێوەیەک کە دەتوانێت ڕفتار و هەوڵەکانیان ئاراستە بکات، بەمشێوە سەرکردایەتی لەئەنجامی پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا دەردەکەوێت؛ لەبەرئەوەی سەرکردایەتی پەروەردەیی بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە لەڕێگەی مرۆڤەوە جێبەجێ دەکرێت، بۆیە پێویستە سەرکردە پەروەردەییەکان تێگەیشتنێکی قوڵ و ئاگایانە و باشیان هەبێت، لەمەڕ چۆنییەتی سەرکردایەتیکردنی مرۆڤ و مامەڵەکردن لەگەڵیدا؛ سەرکردە دەبێت زیاد لە ڕێگایەک بەکاربهێنێت لەسەرکردایەتیکردنی ئەو کەسانەی لەگەڵیدان، لەوانە " زاڵێتی، هێز، دەسەڵات، سەرنج ڕاکێشی کەسێتیەکەی و لێزانینە سیاسی"یەکانی، هەموو ئەمانە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەکاربهێنێت، بەمەبەستی ئاڕاستەکردنی هەموو ئەوانەی کە لەگەڵیدان، لە هەموو دۆخێکدا هەڵوێست و هەڵسوکەوتی سەرکردە، دەبێت لەتێگەیشتنێکی قوڵەوە سەرچاوە بگرێت (الطویل، ٢٠٠٦، ل١٦٩). سەرکردە بۆ ئەوەی ڕۆڵی سەرکردایەتی بگێڕێت، دەبێت خاوەن کۆمەڵێک بنەما و دیدگای ڕوون بێت، دەبێت هەڵوێست و هەڵسوکەوت و ڕفتارەکانی، لە خزمەت چەقی ئامانجەکەیدا بێت، لە ئاست پابەندبوون بە بنەما و یاسا پەروەدەییەکان، خۆی بەخزمەتکار و پاسەوانی هەموو ئەوانی تر بزانێت.

تیۆریەکانی هەڵبژاردنی سەرکردەی پەروەردەیی

لەم بارەیەوە هەوڵی زۆر دراوە، ڕێباز و میکانیزمی گونجاو دیاری بکرێت، بۆ هەڵبژاردنی سەرکردەی پەروەردەیی، لە هەموو ئەمانەدا پێداگری لەسەر چەمکی سەرکەوتن کراوەتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستاش دیاریکردنی پێناسەیەکی ورد بۆ ئەم چەمکە نەکراوە، چونکە کارێکی ئاسان نییە، واتا ئێمە دەزانین کەسەکە سەرکەوتنێکی هەیە، بەڵام کەمتر هۆکارەکانی دەزانین، هەندێک پێیان وایە کە سەرکردە بەسەرکردەیی لەدایک دەبێت، واتا دروست ناکرێت، هەندێکی دیکەش بە پێچەوانەوە بیر دەکەنەوە؛ بۆ ڕوون کردنەوەی لایەنە جیاجیاکانی ئەم پرۆسەیە دەتوانین هەندێک تیۆر بخەینە ڕوو:

## تیۆری یەکەم: تیۆری سیما (ڕووکار)

ئەم تیۆرە گرنگی دەدات بە سیما و تایبەتمەندییەکانی سەرکردە، بونیاد دەنرێت لەسەر لێکۆڵینەوەکردن لە تایبەتمەندییە "جەستەیی، ئەقڵی و سیما " کەسیەکانی سەرکردە، لێکۆڵینەوەکانی ئەم بوارە پێداگری لەوە دەکەن، کەوا سەرکردە بەتایبەتمەندییە دەرونی و جەستەیەکانی وەک "باڵابەرزی، تەندروستی جەستەیی، زیرەکی، باوەڕبەخۆبون، بەکۆمەڵایەتیبوون" دەناسرێنەوە، هەروەک دەڵێن ئەمانە هەمیشە خوازیاری بەرەوپێش چوون و سەرکەوتنن، چونکە کەسانی بە توانان ( العمراني، ٢٠١٤، ل١٣٦).

### تیۆری دووەم: تیۆری هەڵوێست

ئەم تیۆرە لەسەر ئەو بنەمایە بیناکراوە، کە سەرکردە بەرهەمی هەڵوێستەکانییەتی، واتا ئەوە هەڵوێستەکانن، کە سەرکردە دەردەخەن، توانا و سەرکردایەتیەکانی کەشف دەکەن، واتا سەرکردە لەهەناوی هەڵوێستەکانەوە لەدایک دەبێت، واتا سەرکردە پێش ئەوەی بەرهەمی تایبەتمەندییە کەسیەکانی بێت، بەرهەمی ڕاستەوخۆی کارلێکەکانێتی لەگەڵ خەڵک و ئەو هەڵوێستانەی دەریدەبڕێت (العمراني، ٢٠١٤، ل١٤٣).

### تیۆری سەرکردە وەک سەرچاوەی مەعریفە

ئەم تیۆرە وا لەسەرکردە دەڕوانێ، کە خاوەن ئاستێکە لە "زیرەکی، ئەزموون و مەعریفە"، هەر ئەمەیشە یارمەتی دەدات، سەرکەوتوو بێت، لە هەڵوێستە جیاجیاکاندا، پێی وایە ئەو هەڵوێستانەی کە سەرکردە پێیدا تێدەپەڕێت، هەر ئەمەیشە دەبێتە سەرچاوەی بەدەستهێنانی ئەزموون و مەعریفە، کە بێگومان ئەمەیش یارمەتی سەرکردە دەدات، سەرکەوتوو بێت لە ئەرکەکانیدا.

تیۆری ئەرکداری بەپێی ئەم تێۆرە سەرکردە ئەوکەسەیە، کە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی کۆمەڵێک ئەرک لەمەڕ کۆمەککردنی کۆمەڵەکەی، بۆ گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەیەکانی وەک: پلاندانان، دانانی سیاسەتی دەزگاکە، داوەری کردن-نێوەندگیری، پاشان چەسپاندنی بنەماکانی پاداشت و سزا لە نێو کۆمەڵەکەیدا (عبودي، ٢٠١٠، ل٩٨-٩٩).

### تیۆری پیاوی مەزن

ئەم تیۆرە سەرنجی لەسەر ئەوە چڕ دەکاتەوە، کە هەندێ کەس دەبن بە سەرکردە لەبەر ئەوەیە کە بەسەرکردەیی لەدایک دەبن، واتە هەر لەسەرەتادا خاوەن کۆمەڵێک سیفات و تایبەتمەندی سەرکردایەتی کردنە، بەواتایەکی تر سەرکردە لەدایک دەبێت دروست ناکرێت (العمراني، ٢٠١٤، ل١٣٦).

### تیۆری مەکریگۆر x،y سەبارەت بەسروشتی مرۆڤ

تیۆری x مەگریگۆر Megrigor ئەم تیۆرە پێیوایە: مرۆڤ بە سروشت ڕقی لە کارکردنە و هەوڵ دەدات لێی هەڵبێت، خاوەنی ئەم تیۆرییە پێی وایە: مرۆڤ بەسروشت نایەوێ ماندوو بێت، وزە خەرجبکات، بەردەوام دەیەوێت خۆی لەکار بشارێتەوە، هەربۆیە زۆربەی مرۆڤەکان پێویستیان بە "ناچارکردن، کۆنترۆڵکردن و سزادان" هەیە، بۆ ئەوەی هانبدرێن بۆ وزەخەرجکردن، زۆربەی مرۆڤەکان پێیانخۆشە پاڵی لێبدەنەوە، دوربکەونەوە لە وەرگرتنی بەرپرسیارێتی، بە سروشت مرۆڤەکان تەماح و هەوڵی خۆ نوێکردنەوەیان تێدا نیە، بەڵام تێڕوانینی تیۆری y بۆ سروشتی مرۆڤ ئیجابیە، بەم پێیەیش پێچەوانەی تیۆر x ە ، ئەم تیۆریە پێی وایە: مرۆڤ بە ڕەمەک-غەریزە حەزی لە کارکردنە، وەک سەرچاوەی تێرکردنی ئارەزوو و پێداویستییەکانی تەماشای کارکردن دەکات، هەربۆیە ئەم تیۆریە پێی وایە: سزا و زۆرلێکردن تاکە ڕێگای کارکردن نیە بۆ ناچارکردنی مرۆڤ بۆ کارکردن، بەڵکو تێرکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤ، خۆی بۆ خۆی هاندەرێکی بەهێزە، بە مانایەکی تر واتە: مرۆڤ بە سروشت کارایە و توانای قبوڵکردنی بەرپرسیاریتی هەیە (الطويل، ٢٠٠٦ ، ل٦٢-٦٥، زقوت، ٢٠٠٧، ل٧٤). بۆ بونیادنانی پێوەری توێژینەوەکە، توێژەر بەپێی تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی توێژینەوەکە، بە شێوەی جیا جیا سودی لە کۆی ئەو پێوەر و قوتابخانانە وەرگرتووە، کە بەردەستی کەوتوون، چونکە بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆکە ژیان و سیستەمی پەروەردەیی لەگەڵیدا ئاڵۆزبوون، خۆبەستنەوە بە تەنها قوتابخانەیەک یان تیۆرێکی پەروەردەیی دیاریکراو، ناتوانێت وەڵامگۆی دونیایی نوێ و سیستەمە پەروەردەیە ئاڵۆزەکەی بێت.

بەڕێوەبردنی باخچە

هەندێک لە پەروەرشیاران وای وێنا دەکەن کە بریتییە لە: ڕێکخستنێکی تایبەت، کە مەبەست لێی گەیشتنە بە چەند ئامانجێکی دیاری کراو، لەم ڕوانگەیەشەوە وەکو هەر چالاکییەکی مرۆیی بەکۆمەڵ و ئامانجدار، گرنگی دەدات بە ڕێکخستنی کاروباری کۆمەڵێك، بە ئاراستەی پەرەپێدانی ئەو کارانەی کە ئەو گروپ و کۆمەڵە تایبەتە ئەنجامی دەدەن، بە شێوەیەک ببێتە مایەی پێشکەوتن و گەشەکردنێکی خێرا؛


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

تایبەتمەندیی  دیاری باخچەی منداڵان ئەوەیە، کە تایبەتە بە قۆناغێکی تایبەت لە تەمەنی منداڵ، کە گرنگترین و هەستیارترین قۆناغی ژیانی مرۆڤە، هەربۆیە باخچە پێویستی بەگرنگی پێدانێکی تایبەت هەیە، لە ڕووی بەڕێوەبردنەوە (عدس، ٢٠٠٩، ل٣٦٦). کەواتە بەڕێوەبردنی باخچە بریتییە لە: کۆمەڵێک کردە و ڕەگەزی پەروەردەیی، کە تەواوکەری یەکترن، مەبەست لێیان بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکانە لە ناو باخچەدا، بەڵام بە مەرجێ کۆی پرۆسەکە کۆک و تەبا بێت، لەگەڵ سیاسەتی گشتی دەوڵەتدا.

## تایبەتمەندییەکانی بەڕێوەبردنی باخچە

١- بەڕێوەبردنی ئامانجدار: واتە پرۆسەی بەڕێوەبردنەکە پشت بە بنەمای بابەتیبون و پلانی ڕوون و ڕەوان ببەستێت.

٢- بەڕێوەبردنی ئیجابی: واتە پرۆسەی بەڕێوەبردنەکە ئەرێنی-ئیجابیانە بێت، دور بێت لە هەڵوێستی ڕەق و وشک و میزاجی بەڵکو پرۆسەی بەڕێوەبردنەکە ڕۆڵێکی سەرکردانە ببینێت لە ئاڕاستە پەروەردەیی و فێرکاریەکانیدا.

٣- بەڕێوەبردنی بە کۆمەڵ: واتە پرۆسەی بەڕێوەبردنەکە بە کۆمەڵەکی بێت، پشت بە ڕاو ڕاوێژی ئەوانی تر ببەستێت، دوربێت لە بڕیاری تاک ڕەوانە.

٤- بەڕێوەبردنی مرۆیی: واتە پرۆسەی بەڕێوەبردنەکە مرۆیانە بێت، لە ئاست پەیوەندییەکانی ناوەوە و دەرەوەی باخچە بەجوانی مامەڵە بکات ئاگای لە کێیشەی ناو دەزگاکەی بێت بەڕێزەوە دەستی کۆمەکی درێژ بکات بۆ گەیشتن بە چارەسەر.

٥- بەڕێوەبردنی دیموکراسی: مەبەست لەم تایبەتمەندییە کارگێڕی یە، بەشداری پێکردن و ڕێکخستنی تواناکانی تاکە لە دیاریکردنی سیاسەتی گشتی باخچە و دانانی پرۆگرام بۆی (خلف، ٢٠١٥، ل٥٦-٥٧). بەڕێوەبردن لە دونیایی نوێدا کایەیەکی نوێ و تازەیە، خاوەنی کۆمەڵێک پێکهاتەو ڕەگەزە، کە لە پێکهاتەکانی دونیایی نوێوە وەرگیراوە، کە بەتەواوەتی جیای دەکاتەوە لە بەڕێوەبردنی نەریتی-تەقلیدی.

بنەماکانی بەڕێوەبردنی باخچە لە ژێر ڕۆشنایی فکری بەڕێوەبردنی هاوچەرخ

١- بەڕێوەبردنی باخچە زانستێکە کە "فەلسەفە، بنەما، چوارچێوە، شێواز و ڕێگا"و جێبەجێکردنی تایبەت بەخۆی هەیە، چیتر بەڕێوەبردنی باخچە پشت بە ئەزموون و لەیەکدانەوەی کەسی نابەستێت.

٢- بەڕێوەبردنی نوێی باخچە، بنەمای هەموو گەشەپێدان و نوێ بونەوەیەکە لە پرۆسەی فێرکردندا، ئەمەیش لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکەیدا، کە بریتییە لە: گەشەپێدانی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی گشتگیر.

٣- بەڕێوەبردنی نوێی باخچە پشت بە دیموکراسی و پەیوەندییە مرۆیەکان و بەشداری ئەوانی تر دەبەستێت، نەک دەسەڵاتی تاکە کەسی.

٤- لە ئێستادا بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیا بەدیوە جیاجیاکانییەوە، بوەتە بنەمای بەڕێوەبردنی نوێی باخچە.

٥- گرنگیدان بە ڕەگەزی مرۆیی لە ڕێگەی هەڵبژاردن و پێگەیاندن و ڕاهێنان پێکردنیانەوە، لە بنەما پێشینەیەکانی بەڕێوەبردنی نوێی هاوچەرخە.

٦- بەڕێوەبردنی باخچە بە لقێکی بەڕێوەبردنی گشتی دادەنرێت، کە پشت ئەستورە یاخود سەرنجی لەسەر کۆڵەکە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانە، لە هەموو پەرەپێدانێکی بەڕێوەبردنی باخچە دەبێت سیستەمی بەڕێوەبردنی گشتی لەبەرچاو بگیردرێت، لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی ئەو کۆمەڵگایەی کە کاری لەگەڵ دەکات (الأغبري، ٢٠٠٠، وەرگیراوە لە العواد، ٢٠١٥، ل ٢٤). هەربۆیە دیاریکردنی ئامانج یەکێکە لە بنەما هەرە بنەڕەتییەکانی بەڕیوەبردنی باخچە، چونکە ئامانج تێیدا بریتییە لەو چەقەی کە هێزی "گونجان، ڕێخستن و ئاراستەکردن" دروست دەکات، بۆ هەموو ئەندامانی ناو پرۆسەی بەڕێوەبردنەکە، چونکە دواجار ئەو سەرکردە پەروەرشیارەی کە لە سنور و مەودای چەقی هێزی و ئامانجێکی دیاریکراودا، ڕۆڵ و ئەرکە ئەخلاقی و پەروەردەیی دەگێڕێ، بەرهەمەکەیشی بریتی دەبێت لە نەوەیەکی ئامانجدار و بەرچاوڕوون و بەتوانا.

## بەڕێوبەری باخچەی منداڵان

بەڕێوبەر کۆڵەکە و راگری پرۆسەی پەروەردەیە، لە باخچەدا ئەرک و قورسایی دەکەوێتە ئەستۆی بۆ گەیشتن بە باشترین دەرئەنجامی خوازراو، توێژەران پێیان وایە: بەڕێوەبەری باخچە کلیلی هەموو جۆرە گۆڕانکارییەکە، هەر خۆی هەڵدەستێت بە پێدانی ڕێنمایی و زانیاری بە مامۆستایان، بۆ پەروەردەکردنی منداڵان (شریف، ٢٠١٣، ل٢٢٧). بەواتایەکی تر بەڕێوبەری باخچەی کەسێکی یەکەم و بەرپرسی یەکەمی باخچەیە، خاوەن کۆمەڵێک لێهاتوی تەکنیکی و مرۆییە، بەتوانایە لەمەڕ وێناکردن و پێشبینیکردنی کاروبار و ڕووداوەکانی ناو دەزگاکەی، بە ستراتیژیەتی نەرمێتی و هەندێکجاریش توندێتی، ئەرکە کارگێڕییەکانی باخچە جێبەجێ دەکات بۆ گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەیەکان.

## چەمکی دەسەڵات

دەسەڵات بریتییە لەو مافەی کە دەدرێت بە بەڕێوەبەرەکان، بۆ ئەوەی لە ڕێگایەوە بڕیار لەسەر هەڵوێست و هەڵسوکەوتی ناو ڕێکخراوەکەی-دەزگاکەی بدات (عبداللە، ئەوانیتر، ٢٠١٦، ل١٢١). دەسەڵات مافێکە، لە چوارچێوەی ڕێکاریدا، دەدرێت بە کەسێک، بۆ ئەوەی لەڕێگایەوە هەموو ئەوانیتر پابەند بکرین بە ڕێنمایی و ڕاییکردنی کارەکانەوە، دەسەڵات بنەمایەکی کارگێڕی هەیە، بەهۆیەوە بەڕێوبەر و سەرکردەکان، پۆست و بەرپرسیارێتی وەردەگرن، بڕیار دەردەکەن، لە پێناو بەرژەوەندی گشتی دەزگاکە و گەیشتن بە ئامانجەکانی (دەرگەڵەیی، ٢٠١٩، ل ١٣٩-١٤٠). لەبەرئەوەی دەسەڵات مافێکە لە بری بەرپرسیارێتیدا دەدرێت، بۆیە دەبێت لە ئاست هەموو یەکە کارگێڕییەکانی دەوڵەتدا، بنەما و پێوەری زانستی هەبن بۆ بەخشینی دەسەڵات و وەرگرتنی، چونکە بەخشین و قبوڵکردنی دەسەڵات بەرپرسیارێتییەکی "ئەخلاقی، ئاینیی و نیشتمانییە"، بۆیە دەبێت زۆر بە هەستیارییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بە تایبەتی پۆستی بەڕێوەبردنی باخچە.

## چەمکی بەرپرسیارێتی

بەرپرسیارێتی بریتییە لە: بەڵێن و پابەندبوونی تاک لە مەڕ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەی کە لەسەریەتی-پێی سپێردراوە، بۆ ئەوەی هەموو چالاکییەکان لە ئاست سنوری کارگێڕی دەزگاکە و تێرکردنی داخوازی بێت (دەرگەڵەیی، ٢٠١٩، ل١٤٨). یان بریتییە لە: پابەندبوونی تاک بە سنوورەکانی "کات و کار"، لە چوارچێوەی دەزگایەکی دیاریکراودا، بۆ ئەوەی دەزگاکە ئەو ئامانجە بەدەستبهێنێت، کە پلان و هێڵکاری بۆ داڕێژاوە؛ چەمکی بەرپرسیارێتی لە هەناوی هێزێکەوە سەرچاوە دەگرێت، کە کاریگەرە بە "دین، ویژدان، ڕەوشت، نیشتمان و ئایدۆلۆژیا" یاخود ڕەهەندێکی کارگێڕی هەیە، لە چوارچێوەی دەسەڵاتی کارگێڕیدا دەبەخشرێت، هەر لەبەر ئەمەیشە دەبێت لە ئاست تێکڕایی یەکە کارگێڕییەکانی دەوڵەتدا، بەرپرسیارێتی بدرێت بە تاکێکی بەرپرسی خاوەن توانا، بە تایبەت لە ئاست دەزگایەکی هەستیاری وەک باخچەی منداڵاندا.

دەسەڵات و بەرپرسیارێتی بەڕێوبەری باخچەی منداڵان وەک سەرکردەیەکی پەروەردەیی

بەڕێوبەری باخچە وەک سەرردەیەکی پەروەردەیی بەرپرسە، لە گەیاندنی زانست و مەعریفە، بە مامۆستایان و منداڵانی باخچەوە، بەرپرسە لە چاندنی بەها باڵاکان و پێگەیاندنی لایەنی دەرونی و کەسێتییان وە ئامادەکردنیان لە ڕووی جەستەیی و لێهاتوویە جیا جیاکانیانەوە، بەرپرسە لە مەڕ پەرەدان بە ڕێگاکانی بیرکردنەوە و شێوازەکانی چارەسەرکردنی کێشەکان، بێگومان ئەم بەرپرسیارێتییەش، لە کۆمەڵێک فەلسەفەی پەروەردەیی جیا جیاوە سەرچاوە دەگرێت، بەڕێوبەر دەبێت لەم دەرچە و پاشخانانە ئاگادار بێت، بۆ ئەوەی بزانێت و بتوانێت لەو کۆمەڵگایەی کە کاری تێدا دەکات، چی شتێکی بەکەڵک و گونجاو وەردەگرێت بۆ دەزگاکەی، خۆیشی لە چی بە دور دەگرێت؛ بەکورتی ئاگاداری بەڕێوبەر لەو فەلسەفە و تەوژمە فەلسەفیە پەروەردەیانە، یارمەتی دەدات کە تێگەیشتنێکی قوڵتری هەبێت بۆ کرداری پەروەردەیی (الخواجا، ٢٠٠٤، ل١١). بەوپێیەی کە دەسەڵات مافێکە لەسەر بنەمای هەموو ئەوانیتر دەدرێت، بەرپرسیارێتیش ئەرکێکە لە بری ماف دەبەخشرێت-دەسپێردرێت، بۆیە دەبێت بەڕێوبەر و سەرکردە پەروەردەیەکان پیشەییانە مامەڵەی پیوەبکەن.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## تیبەتمەندییەکانی بەڕێوبەری باخچەی منداڵان

١- دەبێت بەڕێوبەری باخچە نمونەیەکی باش بێت، چاوی لێبکرێت، لە ڕووی ڕفتاری و فکری و ڕوکاری دەرەوە.

٢- دەبێت بەڕێوبەری باخچە خاوەن ڕۆحێکی "مرۆیی، برایانە و هاوڕێ"یانە بێت.

٣- دەبێت بەڕێوبەری باخچە نمونەی باڵای پابەندبون و ڕێزگرتن بێت، لە کات و کاتی دەوامی باخچەی منداڵان.

٤- دڵسۆز بێت بۆ کارەکەی، پێشەنگ بێت بۆ هەموو ئەوانی تر.

٥- هەست بە بەرپرسیارێتی بکات، بە شێوەیەک ئەم هەستکردنە ڕەنگدانەوەی هەبێت لەسەر منداڵان و مامۆستایانی باخچەکە.

٦- لە مامەڵەکردنیدا دادپەروەر بێت، لەگەڵ منداڵان و مامۆستایانی باخچە، لایەنگری سۆزداری-عاطفیی هیچ لایەک نەکات.

٧- زبر و زاڵ نەبێت، لە ڕفتارەکانیدا نەرم بێت لەگەڵ هەموو ئەوانی تر (فهمي، ٢٠١٣، ل ٣٠٥-٣٠٦).

٨- خاوەن دەرکێکی فراون، دوربین و بیرکراوە بێت.

٩- پاک و ئەمانەت پارێز و بە ڕەوشت بێت.

١٠- لە کاتی کێشمەکێش و نائارامیدا، خۆگر و لەسەرخۆ بێت.

١١- توانای دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی توانا و تایبەتمەندیی ئەوانی تری هەبێت.

١٢- خاوەن ڕۆحی دەست پێشخەری بێت، ئامادە بێت بۆ پەرەپێدان و تازەگەری (شریف، ٢٠١٣، ل١٦١-١٦٢). هەربۆیە دەبێت بەڕێوبەر دیدگای ڕوون بێت، بە هەست وسۆز و بەڕێز بێت، هەموو ئەوانەی خۆش بوێت، کە لەگەڵیدا کاردەکەن.

ئەرک و بنەما ئەخلاقییەکانی بەڕێوبەری باخچە

## سەبارەت بە ئەرکەکانی بەڕێوبەر:

١- بەڕێوبەر بەرپرسی یەکەمی باخچەیە، لە ڕووی ڕێکخستن و چالاکییەکانەوە.

٢- بەڕێوبەر بەرپرسە لە ڕێکخستنی پرۆگرامەکانی خوێندن.

٣- بەڕێوبەر ئەرکێتی، مامۆستایان ئاگادار بکاتەوە، لە تەواوی ئەو بڵاوکراوانەی کە لە بەڕێوبەرایەتییەکانی پەروەردە و وەزارەتەوە دەردەچن.

٤- بەڕێوبەر لەسەرێتی کۆبونەوەی ناو بەناو لەگەڵ مامۆستایان ئەنجام بدات پاشان سەردانیان بکات لە کاتی وانەوتنەوەدا.

٥- بەڕێوبەر دەبیت تۆماری هاتن و نەهاتنی مامۆستایان و منداڵانی باخچەی هەبێت، گرنگیش بە چالاکییەکانی باخچەی منداڵانیش بدات (حقيل، ١٩٩٦، وەرگیراوە لە المسعودي، ٢٠٠٦، ل٢٠).

سەبارەت بە بنەما ئەخلاقیەکانی بەڕێوبەر:

٦- نابێت بەڕێوبەر هیچ بڕیاریک بەبێ ڕاوێژ بدات.

٧- پاساو بۆ بڕیارەکانی نەهێنێتەوە، بەڵکو هۆکارەکان ڕوون بکاتەوە، بۆ ئەوەی بڕیارەکانی عەقڵانی و قبوڵکراو بن.

٨- پاڵپشت و هاندەری ڕۆحی داهێنانکاری و دەست پیشخەری بێت.

٩- کراوە بێت، ڕێز لە هەموو کەسایەتییەکانی ناو باخچە بگرێت بەبێ جیاوازی، پاشان بۆچونیان بەهەند وەربگرێت.

١٠- کار لەسەر کەشێکی بە پیت و پڕ لە متمانە و ڕێز بکات، لە ناو باخچەدا (الطويل، ٢٠٠٦، ل٢٤). لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا، ڕەچاوکردنی جیاوازی تاکایەتی باری ژیان و کەسیتی مامۆستایان وە ئەرکدارکردنیان بەپێی ئەو توانا و تایبەتمەندییانەی کە هەیانە، یەکێکی دیکەیە لە

ئەرکە ئەخلاقی و کارگێڕییەکانی بەڕێوبەری باخچە.

## پێوەرەکانی هەڵبژاردنی بەڕێوەبەری باخچە

پێوەر ئەو بنەمایەیە، کە هەموو دام ودەزگا-دامەزراوە-ڕێکخراوێکی لەسەر بونیاد دەنرێت، یان کۆمەڵێک ئاستی حەقیقیە، کە دەستە و لایەنێکی حکومی هەڵدەستێت بە دانان و دیاریکردنی، دەکرێت بۆ کردەی پێوانەکردن پشتی پێ ببەسترێت، پێوەر دەکرێت هەموو لایەنەکانی پرۆسەی فێرکاری و کارگێڕیش لەخۆ بگرێت ( العبودي، ٢٠١٩، ل١٨-١٩). لێرەوە پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان پێگە و پۆستێکی هەستیار و گرنگە، بەوپێیەی مامەڵە لەگەڵ هەستیارترین توێژی کۆمەڵگادا دەکات کە منداڵە، ئەویش سەرەتای منداڵیە، کە قۆناغێکی چارەنووسسازە لە ژیانی مرۆڤ، بەم پێیەش بەڕێوەبەری باخچە پێویستە خاوەن کۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندی بێت، کۆمەڵێک پێوەری تێدا بەرجەستە ببێت، بۆ ئەوەی بتوانێت لە ئاست داخوازێکانی ئەو ئەرکە هەستیارەدا بێت، ئەرکی بەڕێوەبەری باخچە ئەوە دەخوازێت کەوا کەسی بەڕێوەبەر دەبێت خاوەن کۆمەڵێک سیفەت و لیهاتوویی تایبەت بێت، لەوانە "زیرەکی سرووشتی، ڕەفتارجوانی لە کارەکانیدا، ژیری لە دەرکردنی بڕیاردا، تەندرووستی جەستەیی، سەلامەتی هەستەوەرەکان، ئەمانەتپارێزی و دڵسۆزی لەکاردا، خۆشەویستی و توانایی لەکاردا، ڕێزگرتن لەوانی دیکە و وەرگرتنی بیروڕایان، پێشەنگی چاک بێت بۆ ئەوانیتر لە کار و ڕەفتاریدا، شیکپۆشی و ڕووکار جوانی، مەعریفە و ڕۆشنبیری فراوان، توانای داهێنان و نوێگەری لەکارەکەیدا، گرنگیدان بە لایەنی دەروونی و جەستەیی منداڵ و قۆناغەکانی گەشەکردنیان، ئاگایی بە سیاسەت و ئامانج و قۆناغەکانی پرۆسەی فێرکردن بەگشتی و باخچەی منداڵان بەتایبەتی، گرنگیدان بە ئامراز و ڕێگا پەروەردەییە نوێیەکان بدات، توانای خولقاندنی ژینگەیەکی لەبار و دروستکردنی ڕۆحییەتی کاری بەکۆمەڵی لە باخچەی منداڵاندا هەبێت (عمر، ٢٠١٧، ل ٢٤٩-٢٥٠). هەربۆیە دەبێت پێوەرەکانی هەڵبژاردنی بەڕێوبەری باخچە، گشتگیر و فرە ڕەهەند بن، لەسەر بنەمایەکی "لۆژیکی، زانستی و ئەکادیمی" داڕێژرابن، بۆ ئەوەی لەگەڵ سیاسەتی ڕۆژگار و داخوازییەکانی ڕۆحی سەردەمدابن.

## چەمک و بنەماکانی هەڵبژاردنی بەڕێوبەری باخچە

مەبەست لە چەمکی هەڵبژاردن بریتییە لە: دیاری کردن و دەستنیشانکردنی کەسێک بۆ ئەرک و فرمانێکی دیاریکراو لەسەر بنەمای کۆمەڵێک بنچینە و مەرجی دیاریکراو، کە لایەنی پەیوەندیدار دیاری دەکات، کە دەبیت لە کەسی هەڵبژێردراودا هەبێت؛ بەشێوەیەکی گشتی ئامانج لە دیاریکردن و هەڵبژاردنی بەڕێوبەری باخچە بریتییە لە: پڕکردنەوەی پۆستێکی بەتاڵ، بە کەسێکی گونجاو، بەوپێیەی کە گرتنی ئەو پۆستە لە لایەن کەسێکی نەشیاوەوە کاریگەری سلبی لەسەر دەزگای باخچە دەبێت و زیانیش بە بەرژەوەندییە گشتییەکانیش دەگەیەنێت، دەبیت بە کۆسپ و بەربەست لە مەڕگەیشتنی باخچە بە ئامانجە پەروەردەیەکانی؛ بە شێوەیەکی گشتی ئەم پرۆسەی هەڵبژاردنە چەند بنەما و هەنگاوێکی هەیە:

١- دیاریکردنی وێنای کارکردن: مەبەست لەم خاڵە دیاریکردنی سروشتی پۆستە بەتاڵەکەیە، پاشان وێناکردن و پێناسەکردنی لانی کەمی ئەو توانا و تایبەتمەندییانەیە، کە پێویستە لەوکەسەدا هەبیت، کە دەیەوێت ئەم پۆستە پڕ بکاتەوە.

٢- دیاریکردنی پێوەرەکانی هەڵبژاردن: ئەمەیش لە لایەک دەبێتە بەربەست لەبەردەم ئەوکەسانەی کە شایان نین و دەیانەویت ئەم پۆستە بەدەست بهێنن، لە لایەکی دیکەیشەوە لە داهاتوودا سەرکەوتنی پۆستەکە مسۆگەر دەکات.

٣- بانگەواز بۆ پۆستە بەتاڵەکان: ئەمەیش وەسفی پۆستە بەتاڵەکە لە خۆ دەگرێت، بەشێوەیەکی ورد، پاشان بنەماکانی هەڵبژاردنیشی تێدا ڕوون دەکرێتەوە.

٤- وەرگرتنی داواکارییەکان: داواکارییەکان بۆ ئەوکەسانەن، کە خۆیان دەپاڵێون بۆ چاوپێکەوتنی کەسی.

٥- چاوپێکەوتن لەگەڵ پاڵێوراوەکان: لە کاتی خەملاندن و چاوپێکەوتنی پاڵێوراوەکان باشترینیان هەڵدەبژێردرێت لەسەر بنەمای ئاستی "ئەدا، تونایی، لێهاتووی و لێزانین".

٦- بڕیاردان: بڕیاردانی کۆتایی لەسەر هەڵبژاردنی یەکێک لە پاڵێوراوەکان.

٧- ڕاگەیاندن: ڕاگەیاندنی ناوی قبوڵکراوەکان و پۆزش و ئیعتزارهێنانەوە بۆ قبوڵ نەکراوەکان.

٨- پاراستنی زانیارییەکان و لیستی ناوەکان: واتە هەڵگرتن و پاراستنی ناوی پاڵێوراوەکانی تر بۆ کاتی پێویست، ئەمەیش لە پێناو بەفیڕۆنەدانی "کات، وزە، هەوڵ و مادە"، ئەگەر هاتوو قوبوڵکراو لەبەر هەر هۆیەک لە پۆستەکەیدا درێژە بەکارەکەی نەدات، ئەوا بەپێی پلەبەندی دەست بۆ پاڵێوراوە بەدیلەکانی تر بدرێت (زقوت، ٢٠٠٧، ل ٧٩، ٨٨-٨٩). لێرەوە دەبێت بنەماکانی هەڵبژاردنی بەڕێوەبەری باخچە تەنها لەو کەسانەدا بەرجەستە نەکرێن، کە داوای پۆستی بەڕێوەبەری دەکەن، بەڵکو بنەمایش بن بۆ ئەوکەسانەی کە لە پۆستی بەڕێوەبەریدان، بۆ ئەوەی بە بەردەوامی بەڕێوەبەری باخچەکان لە دۆخی گەشە و ئاگایی و نوێبونەوەیی پیشەییدابن.

## توێژینەوەکانی پێشوو

توێژینەوەی ( المواجدة، ٢٠١١ )، لەژێر ناونیشانی " بونیادنانی پێوەر بۆ هەڵبژاردنی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان لە ئوردن"، ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە: بونیادنانی پێوەر بۆ هەڵبژاردنی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان لە وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن لە ئوردن، توێژەر میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە، کۆمەڵگای توێژینەوەکە لە ٨٦ بەڕێوبەری پیاو و ١٧٤ بەڕێوبەری ژن پێکدێت، نموونەی توێژینەوەکە لە ٢٥ بەڕێوبەری پیاو و ٥٠ بەڕێوبەری ژن پێکدێت، ئامرازی توێژینەوەکە بریتییە لە: تاقیکردنەوەی سەنگی، ئامرازی ئامارییەکانیش بریتین لە: "کۆکس و فارجاس، کودر ریشاردسون، لیفنجسون، ناوەندە ژمێری و لادانی پێوەری، هاوکۆلکەی پەیوەستبون، تاقیکردنەوەی T-test"، ئەنجامی توێژینەوەکە: دەرئەنجامی نمونەی جێگیرێکە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەدائی بەڕێوبەرەکان لەم پارێزگایە مام ناوەندە، بەم شێوەیەش ناوەندە ژمێری ئەدائیان لەسەر پێوەرەکە بریتییە لە: نمرەی ٤٢ یان نزیکەی ٦٨٪ لە کۆی بڕگەکانی پێوەرەکە.

توێژینەوەی (زقوت، ٢٠٠٧)، لەژێر ناونیشانی "پەرەپێدانی پێوەرەکانی هەڵبژاردنی بەڕێوبەری قوتابخانەکانی دەزگای بەهاناوەهاتن لە غەزە لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و مامۆستایانەوە"، ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە: وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە: چۆن پەرە بە پێوەرەکانی هەڵبژاردنی بەڕێوبەری قوتابخانەکان بدرێت، لە دەزگای بەهاناوەهاتن لە غەزە لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و مامۆستایانەوە؟ توێژەر میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە، کۆمەڵگا توێژینەوەکە لە: ٧٥ سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و ١٩٣ بەڕێوبەری قوتابخانە لەگەڵ ٥٩٢٢ مامۆستای قوتابخانە، کە سەرجەمیان دەکاتە ٦١٩٠ لە ئاست کۆمەڵگاکەدا، نموونەی توێژینەوەکەیش لە کۆی هەموو ڕەگەزەکانی کۆمەڵگاکە، ٣٨٦ کەس بوون بە نمونەی توێژینەوەکە، ئامرازی توێژینەوەکە بریتییە لە: ڕاپرسی؛ ئامرازە ئامارییەکان بریتین لە: (ڕێگای دووبارەبوونەوە، ناوەندە ژمێری و لادانی پێوەری، ڕێژەی سەدی، هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن، هاوکۆلکەی پەیوەندی سپێرمان براون، تاقیکردنەوەی تائی، تاقیکردنەوەی شیکاری جیاکاری یەکی)؛ گرنگترین ئەنجامەکان کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە بریتییە لە: بەرزکردنەوەی خزمەت بۆ ماوەی دەساڵ وەک پێوەرێکی سەرەتایی بۆ پاڵاوتنی پاڵێوراوان، پاشان پشت بەستن بە پێوەری تەمەن، بۆ ئەوکەسانەی کە فۆرم پێشکەش دەکەن، لە مەڕ وەرگرتنی پۆستی بەڕێوەبەری، بەشێوەیەک کە تەمەنیان لە ٤٠ ساڵ کەمتر نەبێت، پاشان پێوەری ڕاپۆرتی ساڵانەی پێشکەشکاران بەشێوەیەک کە کەمتر نەبێت لە زۆر باشە، لە میانەی دوا پێنج ساڵی خزمەتکردنیاندا، هەروەها دەبێت کۆمەڵێک سیفەتی تێدا بێت وەک: "توانای باوەڕپێهێنان بە ئەوانیتر، لە هەڵچونەکانیدا هاوسەنگ بێت، توانای خۆکۆنترۆڵکردنی هەبێت، توانای پەیوەندیکردنی هەبێیت بە ئەوانیترەوە، هەروەها دەبێت پاڵێوراو سیماو کەسێتییەکی گونجاوی هەبێت بۆ وەرگرتنی پۆستی بەڕێوەبەری، هەروەها دەبێت کۆمەڵگای لۆکاڵی بەشدار بێت لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکەدا".

توێژینەوەی (المسعود، ٢٠٠٦)، لە ژێر ناونیشانی "پێوەرە پێشنیارکراوەکان بۆ هەڵبژاردنی بەڕێوبەری قوتابخانەکان لە ناوچەی باکوری ڕۆژئاوای شانیشینی عەرەبی سعودی لە ڕوانگەی بەڕیوبەری قوتابخانەکانەوە"، ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە: ناساندنی کۆمەڵێک پێوەری پێشنیارکراو بۆ هەڵبژاردنی بەڕێوبەری قوتابخانەکان لە ناوچەی باکوری ڕۆژئاوای شانیشینی عەرەبی سعودی لە ڕوانگەی بەڕیوبەری

قوتابخانەکانەوە، هەروەها ناساندنی ئەو بەربەستانەی کە دەبن بە ڕێگر لەمەڕ جێبەجێکردنی ئەم پێوەرانە؛ لەم توێژینەوەیەدا توێژەر میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە؛ کۆمەڵگا توێژینەوەکە پێکدێت ٢٧٥ بەڕێوبەر، نموونەی توێژینەوەکە پێکدێت ٢٤٦ بەڕێوبەر، ئامرازی توێژینەوەکە بریتییە لە: ڕاپرسی؛ ئامرازە ئامارییەکانیش بریتین لە: (ناوەندە ژمێری و لادانی پێوەری، تاقیکردنەوەی شیکاری جیاکاری یەکی)، ئەنجامی توێژینەوەکە خۆی لەم چەند خاڵەی لای خوارەوە بینیەوە:

١- بەرزترین پێوەری پێشنیارکراو بریتییە لەوەی کە پاڵێوراو خاوەنی ئەخلاقی پیشەی وانەوتنەوە بێت، هەروەها خاوەنی کۆمەڵێک خەسڵەتی کەسێتی ئیجابی بێت وەک: (دڵسۆزی، ڕاستگۆیی، ئامانەت پارێزی، دادپەروەری)، هەروەها گرنگی بدات بە ڕێگا و شێوازەکانی وانەوتنەوە، هەروەها پاڵێوراو خاوەن سیما و دیمەنێکی گونجاو بێت بۆ وەرگرتنی پۆستی بەڕێوەبەری، مەلەفی خاڵی بێت لەهەر جۆرە سزایەک، لە دوا چوار ساڵی خزمەتیدا، بایەخی هەبێت بە تەکنۆلۆژیایی فێرکردن.

٢- توێژینەوەکە ئاماژەی بەوەکردووە، کە جیاوازی ئاماری نییە لە پێوەرە پێشنیارکراوەکاندا، لە بواری ئەزموونی و بڕوانامەی زانستییدا.

٣- گرنگترین بەربەستەکانی جێبەجێکردنی ئەم پێوەرانە بریتییە لەوەی، کە ناسراوە بە واستە و واستەکاری، پاشان نەبونی ئارەزووی مامۆستا بۆ وەرگرتنی پۆستی بەڕێوەبەری، هەروەها نەبونی سەنتەرەکانی ڕاهێنان، لەو شارەی کە پاڵێوراوەکەی لێیە، پاشان پشت بەستن بە خزم خزمێنە لە دیاریکردنی پۆستەکە.

## گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو :

**یەکەم: لە ڕووی ئامانجی توێژینەوەوە**

بەشێوەیەکی گشتی ئامانجی توێژینەوەکان و توێژینەوەکەی ئێستا بریتییە لە: دانانی پێوەر بۆ هەڵبژاردنی بەڕێوبەری باخچە و قوتابخانەکان.

**دووەم : لە ڕووی کۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوە**

سەرجەم کۆمەڵگەی توێژینەوەکانی پێشوو بریتییە لە: بەڕیوبەری باخچەو قوتابخانەکان، بەڵام کۆمەڵگای توێژینەوەی ئێستا بریتییە لە: مامۆستای باخچە؛ لە ڕووی نمونەی توێژینەوەوە: نمونە-سامپڵی توێژینەوەکانی پێشوو دەکەوێتە نێوان ٧٥-٣٨٦ نمونەی توێژینەوە، بەڵام نمونەی توێژینەوەی ئێستا بریتییە لە: ٥٦٩ مامۆستای باخچە.

**سێیەم: لە ڕووی میتۆدی توێژینەوەوە**

سەرجەم توێژینەوەکانی پێشوو میتۆدی وەسفیان بەکارهێناوە، بەڵام توێژینەوەی ئێستا میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە.

**چوارەم : لەڕووی ئامرازی توێژینەوەوە**

زۆربەی توێژینەوەکانی پێشوو، پێوەریان بەکارهێناوە، هەندێکیان لەلایەن توێژەرانەوە ئامادەکراون و هەندێکیشان دروستیان کردووە، بەڵام لە توێژینەوەی ئێستادا، کار لەسەر بونیادنانی پێوەرکراوە.

**پێنجەم : لە ڕووی ئامرازی ئامارییەوە**

زۆربەی توێژینەوەکان و توێژینەوەی ئێستا ( پێرسۆن، سپێرمان براون، ناوەندە ژمێرەیی، ئەلفا کرونباخ، تاقیکردنەوەی (ت) بۆ یەك نمونە) ی تێدا بەکارهاتووە، بەڵام هەندێك لە توێژینەوەکان ئامرازی کەمتر یان زیاتریان بەکارهێناوە، ئەو ئامارازانەی کە لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکەیاندا گونجاوبوون.

## سوودبینین لە توێژینەوەکانی پێشوو

توێژەر لە چەند ڕویەکەوە سوودی لە توێژینەوەکانی پێشوو وەرگرت:

١-هەستکردن بە کێشەی توێژینەوە و گرنگیەکەی، کە ئەمەیش بابەتێکی پێویستە بۆ ئەوەی توێژینەوەی زانستی لەسەر ئەنجام بدرێت.

٢-سوود لە توێژینەوەکانی پێشوو وەرگیراوە لەمەڕ شێوازی نوسین و داڕشتنەوەی چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

٣-سوود لە ڕێکارییەکانی بەشی سێیەمی توێژینەوەکانی پێشوو وەرگیراوە، لەمەڕ چۆنیەتی وەرگرتنی زانیاری و کۆکردنەوەی داتا و شیکردنەوەیان.

٤-سوود لە توێژینەوەکانی پێشوو وەرگیراوە لەمەڕ کردەی بونیادنان و ئامادەکردنی پێوەری زانستی، هەروەها شێواز و ڕێگاکانی دەرهێنانی "ڕاستی ڕواڵەتی پێوەرەکە، جێگیری پێوەرەکە، هێزی جیاکاری پێوەرەکە ...".

## بەشی سێیەم: ڕێکارەکانی توێژینەوە

### یەکەم : میتۆدی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێنراوە.

### دووەم : کۆمەڵگەی توێژینەوە:

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە "مامۆستایانی باخچە لە هەرێمی کوردستان". خشتەی (١)

**خشتەی (١)**

**ژمارەی مامۆستایان لە باخچەکانی هەرێمی کوردستان**

| | ناوی شوێن | مامۆستا |
|---|---|---|
| 1 | پارێزگای سلێمانی | 1997 |
| 2 | پارێزگای هەولێر | 1596 |
| 3 | پارێزگای هەڵەبجە | 180 |
| 4 | پارێزگای دهۆک | 1126 |
| 5 | ئیدارەی گەرمیان | 536 |
| 6 | بەڕێوبەرێتی پەروەردەی کەرکوک | 244 |
| | کۆی گشتی | 5679 |

### سێیەم : نمونەی توێژینەوە

نمونەی توێژینەوەکە بەشێکە لەو کۆمەڵگا ئامارییەی کە توێژینەوەکەی لەسەر ئەنجامدراوە، کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێکدێت لە کۆمەڵێک بەش-چین، چینەکانیش بریتین لە: تاکەکانی کۆمەڵگا ئامارییەکە، کە ئەم تاکانەیش وەکو "سامپڵ" وەردەگیردرێن بە مەبەستی کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان و بڕیاردان لەسەریان؛ توێژەران پشتیان بە شێوازی "هەڕەمەکی پلەیی" بەستووە، بەڕێژەی لە ١٠٪ کۆمەڵگەی توێژینەوەکەیان وەرگرت، کە لە ١٠٪ی بەڕێوەبەرایەتی گشتی (سلێمانی، هەولێر، دهۆک، هەڵەبجە، گەرمیان) لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی لە کەرکوک.

نمونەی توێژینەوەکە بریتییە لە: (٥٦٩) مامۆستای باخچە، وەک لە خشتەی (٢)دا خراوەتەروو:

**خشتەی (٢)**

**دابەشبوونی نمونەی توێژینەوەکە**

| ژ | ساڵی خزمەت | ژمارە |
|---|---|---|
| 1 | 9-1 | 146 |
| 2 | 19-10 | 273 |
| 3 | 29-20 | 120 |
| 4 | 30 بۆ سەرەوە | 30 |
| 5 | کۆی گشتی | 569 |

-دابەشبوونی نمونەی توێژینەوەکە، بەپێی بڕوانامەکان، دەرکەوت زۆرترین دووبارەبوونەوە، ئەو مامۆستایانەن، کە خاوەن بڕوانامەی (دیبلۆم)ن، کە ژمارەیان ٣٧٥ مامۆستان، وە نزمترین دووبارەبوونەوەیش ئەو مامۆستایانەن، کە خاوەن بڕوانامەی (ئامادەیی)ین، کە ژمارەیان (١٥) مامۆستان، وەك لە خشتەی (٤) خراوەتەڕوو:

**خشتەی (٤)**

**دابەشبوونی نمونەی توێژینەوەکە بەپێی بڕوانامە**

| بڕوانامە | ژمارە |
|---|---|
| **ئامادەیی** | 15 |
| **دیبلۆم** | 375 |
| **بەکالۆریۆس** | 179 |
| **کۆی گشتی** | 569 |

**چوارەم: ئامرازەکانی توێژینەوە**

بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری، توێژەر پێوەرێکی دروستکرد، ئەویش بریتییە لە: "پێوەرە پێشنیارکراوەکان بۆ هەڵبژاردنی بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان لە دیدی مامۆستایانی باخچەی منداڵانەوە لە هەرێمی کوردستان".

توێژەر بە مەبەستی بونیادنانی پێوەرێکی زانستی و ئەکادیمی بۆ هەڵبژاردنی بەڕێوەبەری باخچەکان، فۆرمێکی پێوانکاری ئامادەکردووە کە پێکدێت لە: کۆمەڵێک بڕگە و پرسیاری لۆژیکی، بۆ ئەوەی کەسانی شیاو و شایستە لەم پۆستەدا دابنرێت، کە سەرکردایەتی و ڕابەرایەتی پرۆسەیەک دەکات کە بریتییە لە: پەروەردەکردن و پێگەیاندنی نەوەیەک بۆ ئایندەی وڵات.

توێژەر لە پاش گەڕان و پشکنین بۆ توێژینەوەکانی پێشوو، هیچ پێوەرێکی ئامادەکراوی بەدەست نەکەوت بە زمانی کوردی، کە لەگەڵ ناونیشان و ئامانجی ئەم توێژینەوەیەدا گونجاو بێت، بۆیە توێژەر هەستا بە ئامادەکردنی پێوەرێک، بەپێی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە:

١-ئەنجامدانی ڕاپرسی کراوە: توێژەر هەستا بە ئەنجامدانی ڕاپرسییەکی کراوە، لە ڕۆژی ٢٠٢٢/١/١٥، بۆ ژمارەیەك لە مامۆستایانی باخچە و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی بنەڕەتی، کە ژمارەیان پێکهاتبوو لە: ٢٦ مامۆستا و ١٠ سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بنەڕەتی، کە بە شێوەی هەڕەمەکی هەڵبژێردرابوون، لەو ڕاپرسیەدا، توێژەر چەند پرسیارێکی ئاڕاستە کردبوون ئەویش:

١- گرنگترین ئەو پێوەرە کارگێڕیانە چین، کە پێویستە ڕەچاوبکرێن لە کاتی هەڵبژاردنی بەڕێوبەری باخچە؟

٢- گرنگترین ئەو لێهاتوویی و تایبەتمەندییانە چین، کە دەبێت لە بەڕێوەبەری باخچەدا هەبن؟


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

٣- گرنگترین ئەو پێوەرە ئەخلاقی و پەروەردەیانە چین، کە  تایبەتن بە بەڕێوبەری باخچە؟

دوای وەرگرتنەوەی وەڵامەکان و پوختەکردنیان، توێژەر ٧٠ برگەی دروستکرد، کە دابەشیکردن بەسەر سێ بواردا، کە بریتیین لە:

یەکەم: بوارە کارگێرییەکانی بەڕێوبەری باخچە، کە ژمارەیان پێکهاتبوو لە: ٢٦ برگە.

دووەم: بوارە  لێهاتوویی و تایبەتمەندییەکانی بەڕێوبەری باخچە، کە ژمارەیان پێکهاتبوو لە: ٢٠ برگە.

سێهەم: بوارە ئەخلاقی و پەروەردەیەکانی تایبەت بە بەڕێوبەری باخچە، کە ژمارەیان پێکهاتبوو لە: ٢٤ برگە. کە توێژەران بە شێوازی "لیگێرت" بژاردەی برگەکانی بە شێوەی سیانی دانا بەم شێوەیە (هاوڕام ٣، تاڕادەیەک ٢، هاوڕانیم ١).

٢- دەستنیشانکردنی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پێوەرەکە

توێژەر بە مەبەستی دەستنیشانکردنی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی، لە ڕۆژی ٢٠٢٢/٢/١٤ دەستیکرد بە دابەشکردنی فۆڕمی پێوەرەکە بەسەر ١٥ شارەزا لە بوارەکانی دەرونزانی و پەروەردەییدا، پاشان داوای لێکردن ڕاوبۆچونی خۆیان دەربڕن، دەربارەی گونجاوی و نەگونجاوی برگەکان، دوای وەرگرتنەوەی کۆتا فۆڕم لە ڕۆژی ٢٠٢٢/٣/١٤، توێژەر "چوار گۆشەی کای-مربع کای"ی بەکارهێنا، بۆ دەرخستنی ڕاستگۆی ڕواڵەتی، بە نمرەی ئازادی (١) و ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥)، بە بەهای (کای خشتەیی) کە بریتییە لە: ٣,٨٤ کە بچوکترە لە بەهای (کا)ی هەژمارکراوی سەرجەم برگەکان، ئەمەیش واتای بونی ڕاستگۆی پێوەرەکە دەگەیەنێت. وەك لە خشتەی (٥)دا خراوەتەڕوو:

**خشتەی (٥)**

**ڕاستگۆیی ڕواڵەتی بۆ پێوەرەکە**

| ژ | برگەکان | ژمارەی برگە | ڕەزامەندن: ژمارەی پسپۆر | ڕەزامەندن: ڕێژەی سەدی | ڕەزامەند نین: ژمارەی پسپۆر | ڕەزامەند نین: ڕێژەی سەدی | بەهای کا2 | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 6،7،12،16،22،24،26،28 29،35,39,40,41,57,58,، 64,65,68,69,70,49,50 | 22 | 15 | 100% | 0 | 0% | 15 | 0.00 |
| 2 | 1،2،4,5،8،9،21،25،30،3 2،33،34،36،38,43,45,4 6,56,61,62,63,67 | 22 | 14 | 93.33% | 1 | 6.66% | 11.26 | 0.001 |
| 3 | 3،13،14،15،17،19،20،2 3,47،31,42,44,54,55,6 6 | 15 | 13 | 86.66% | 2 | 13.33% | 8.06 | 0.005 |
| 4 | 11،18،27،37,48,51,52, 53,59,60,10 | 11 | 12 | 80% | 3 | 20% | 5.40 | 0.020 |

٢- هێزی جیاکاری (قوة التمیزیة)

لە ئاست "پێوەرە پێشنیارکراوەکان بۆ هەڵبژاردنی بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان لە دیدی مامۆستایانی باخچەی منداڵانەوە لە هەرێمی کوردستان"، توێژەر لە ڕێگەی ٣٥٠ مامۆستای باخچەوە، هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ برگەکانی پێوەرەکە دەرهێنا، پاشان دابەشکردنی هەمان نمونەی جیاکاری (العینة التمییز)، بۆ سەر دوو گروپ، گروپێك کە زۆرترین نمرەیان بەدەستهێناوە، بە ڕێژەی ٪٢٧ کە ژمارەیان بریتی بوو

له: ٩٥ مامۆستای باخچە، گروپێکی تر، کە نزمترین نمرەیان بەدەستهێناوە بە ڕێژەی ٪٢٧، کە ژمارەیان بریتی بوو لە: ٩٥ مامۆستای باخچە، پاشان دوورخستنەوەی ئەو گروپەی کە لە ناوەندی ئەم دوو گروپەدابوون، داتر پرۆگرامی SPSS بۆ دەرخستنی هێزی جیاکاری بڕگەکان، لە نێوان هەردوو گروپەکەدا بەکارهات، بە بەکارهێنانی هاوکێشەی (ت) بۆ دوو نمونە، بەهای (ت) خشتەیی بریتی بوو لە: ١,٦٤٥، بە ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ ، پاشان نمرەی ئازاد بریتیی بوو لە: ١٨٨، دەرکەوت سەرجەم بڕگەکان، بەهای (ت)ی هەژمارکراویان گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی، هەروەها ئاستی بەڵگەداری سەرجەمیان بریتی بوو لە: (٠,٠٠ – ٠,٠٤٩)، بڕوانە خشتەی(٦). ئەمەش واتای بوونی جیاوازی دەگەیەنێت لە نێوان نمونەی توێژینەوەکەدا، لە رووی کردەیی پێوانەکردنەوە بۆ " پێوەرە پێشنیارکراوەکان بۆ هەڵبژاردنی بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان لە دیدی مامۆستایانی باخچەی منداڵانەوە لە هەرێمی کوردستان"

خشتەی (٦)

بەهێزی توانای "پێوەرە پێشنیارکراوەکان بۆ هەڵبژاردنی بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان لە دیدی مامۆستایانی باخچەی منداڵانەوە لە هەرێمی کوردستان" بە شێوازی دوو نمونەی سەربەخۆ


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

| برگه | کۆمەڵەی سەروو(مجموعة العليا) | | کۆمەڵەی خواروو(مجموعة الدنيا) | | بەهای (ت) | ئاستی بەڵگەداری 0.01 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | |
| 1 | 2.82 | .385 | 2.68 | .551 | 1.984 | .049 |
| 2 | 2.94 | .245 | 2.57 | .613 | 5.442 | .000 |
| 3 | 2.99 | .103 | 2.65 | .579 | 5.581 | .000 |
| 4 | 2.98 | .144 | 2.54 | .561 | 7.435 | .000 |
| 5 | 2.94 | .245 | 2.34 | .576 | 9.341 | .000 |
| 6 | 2.87 | .335 | 2.24 | .710 | 7.785 | .000 |
| 7 | 2.85 | .439 | 2.34 | .662 | 6.286 | .000 |
| 8 | 2.92 | .315 | 2.26 | .671 | 8.676 | .000 |
| 9 | 2.87 | .364 | 2.16 | .704 | 8.798 | .000 |
| 10 | 2.73 | .552 | 2.36 | .743 | 3.949 | .000 |
| 11 | 2.89 | .341 | 2.24 | .740 | 7.809 | .000 |
| 12 | 2.99 | .104 | 2.43 | .595 | 8.903 | .000 |
| 13 | 2.98 | .144 | 2.55 | .541 | 7.510 | .000 |
| 14 | 2.75 | .483 | 2.37 | .669 | 4.475 | .000 |
| 15 | 2.93 | .263 | 2.22 | .530 | 11.630 | .000 |
| 16 | 2.91 | .294 | 2.38 | .530 | 8.467 | .000 |
| 17 | 2.95 | .224 | 2.32 | .533 | 10.578 | .000 |
| 18 | 2.98 | .144 | 2.58 | .557 | 6.776 | .000 |
| 19 | 2.99 | .103 | 2.62 | .530 | 6.658 | .000 |
| 20 | 3.00 | .000 | 2.59 | .536 | 7.467 | .000 |
| 21 | 2.98 | .144 | 2.46 | .563 | 8.664 | .000 |
| 22 | 2.99 | .103 | 2.72 | .476 | 5.475 | .000 |
| 23 | 2.99 | .103 | 2.48 | .581 | 8.348 | .000 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| .000 | 8.754 | .563 | 2.49 | .000 | 3.00 | 24 |
| .000 | 7.950 | .563 | 2.51 | .144 | 2.98 | 25 |
| .000 | 8.572 | .563 | 2.51 | .000 | 3.00 | 26 |
| .000 | 5.821 | .542 | 2.54 | .294 | 2.91 | 27 |
| .000 | 3.370 | .695 | 2.24 | .614 | 2.56 | 28 |
| .001 | 8.171 | .598 | 2.46 | .144 | 2.98 | 29 |
| .000 | 9.311 | .608 | 2.40 | .103 | 2.99 | 30 |
| .000 | 8.500 | .616 | 2.46 | .000 | 3.00 | 31 |
| .000 | 9.220 | .562 | 2.47 | .000 | 3.00 | 32 |
| .000 | 9.003 | .595 | 2.43 | .103 | 2.99 | 33 |
| .000 | 9.158 | .541 | 2.45 | .144 | 2.98 | 34 |
| .000 | 8.517 | .544 | 2.51 | .103 | 2.99 | 35 |
| .000 | 8.575 | .562 | 2.47 | .144 | 2.98 | 36 |
| .000 | 7.080 | .511 | 2.61 | .103 | 2.99 | 37 |
| .000 | 11.415 | .527 | 2.26 | .245 | 2.94 | 38 |
| .000 | 9.261 | .576 | 2.41 | .144 | 2.98 | 39 |
| .000 | 8.033 | .543 | 2.52 | .144 | 2.98 | 40 |
| .000 | 9.957 | .530 | 2.38 | .202 | 2.96 | 41 |
| .000 | 10.263 | .631 | 2.24 | .224 | 2.95 | 42 |
| .000 | 12.498 | .512 | 2.32 | .103 | 2.99 | 43 |
| .000 | 11.939 | .524 | 2.36 | .000 | 3.00 | 44 |
| .000 | 9.453 | .543 | 2.47 | .000 | 3.00 | 45 |
| .000 | 8.836 | .581 | 2.47 | .000 | 3.00 | 46 |
| .000 | 8.083 | .631 | 2.44 | .144 | 2.98 | 47 |
| .000 | 5.154 | .476 | 2.72 | .144 | 2.98 | 48 |
| .000 | 5.777 | .616 | 2.47 | .388 | 2.91 | 49 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| .000 | 5.503 | .466 | 2.74 | .000 | 3.00 | 50 |
| .000 | 8.507 | .620 | 2.37 | .226 | 2.95 | 51 |
| .000 | 8.962 | .544 | 2.50 | .000 | 3.00 | 52 |
| .000 | 8.572 | .563 | 2.51 | .000 | 3.00 | 53 |
| .000 | 6.463 | .577 | 2.57 | .176 | 2.97 | 54 |
| .000 | 7.302 | .534 | 2.60 | .000 | 3.00 | 55 |
| .000 | 8.124 | .581 | 2.52 | .000 | 3.00 | 56 |
| .000 | 10.022 | .522 | 2.46 | .000 | 3.00 | 57 |
| .000 | 6.725 | .549 | 2.62 | .000 | 3.00 | 58 |
| .000 | 9.409 | .605 | 2.38 | .144 | 2.98 | 59 |
| .000 | 6.040 | .561 | 2.65 | .000 | 3.00 | 60 |
| .000 | 6.814 | .527 | 2.63 | .000 | 3.00 | 61 |
| .000 | 7.065 | .557 | 2.58 | .103 | 2.99 | 62 |
| .000 | 7.205 | .555 | 2.59 | .000 | 3.00 | 63 |
| .000 | 5.715 | .503 | 2.71 | .000 | 3.00 | 64 |
| .000 | 5.323 | .521 | 2.65 | .202 | 2.96 | 65 |
| .000 | 7.100 | .532 | 2.61 | .000 | 3.00 | 66 |
| .000 | 5.913 | .509 | 2.69 | .000 | 3.00 | 67 |
| .000 | 6.130 | .485 | 2.69 | .000 | 3.00 | 68 |
| .000 | 7.053 | .506 | 2.63 | .000 | 3.00 | 69 |
| .000 | 5.715 | .503 | 2.71 | .000 | 3.00 | 70 |

**٣-ڕێکەوتنی ناوەکی (اتساق داخلی)**

بۆ دۆزینەوەی ڕێکەوتنی ناوەکی، توێژەر ٤٠ فۆڕمی بەکارهێنا، هاوکۆلکەی ئەلفا کرونباخ بۆ "پێوەرە پێشنیارکراوەکان بۆ هەڵبژاردنی بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان لە دیدی مامۆستایانی باخچەی منداڵانەوە لە هەرێمی کوردستان" بریتی بوو لە: ٠,٩٧٩، کە ئەمەیش ئاستێکی زۆر باشە.

**٤-جێگیری (الثبات)**

توێژەر هەستا بە دابەشکردنی پێوەرەکە، بەسەر ٤٠ مامۆستای باخچەی منداڵان، دوای وەرگرتنەوەی فۆڕمەکان و شیکردنەوەیان بە پرۆگرامی spss، دەرکەوت هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن بۆ "پێوەرە پێشنیارکراوەکان بۆ هەڵبژاردنی بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان لە دیدی مامۆستایانی باخچەی منداڵانەوە لە هەرێمی کوردستان" بریتیبوو لە: ٠,٩٦، هەروەها بەهای پەیوەندی دوای ڕاستکردنەوەی بە هاوکێشەی سپێرمان- براون بریتی بوو لە ٠,٩٨، ئەمەش مانای جێگیری پێوانەکە دەگەیەنێت.

پێنجەم: ئەنجامدانی توێژینەوەکە

دوای ئەوەی پێوەری توێژینەوەکە "ڕاستگۆی، جێگیری و هێزی جیاکاری" بۆ ئەنجامدرا، توێژەر هەستا بەئەنجامدانی توێژینەوەکەی بە شێوەی کۆتایی، ئەویش بە دابەشکردنی فۆڕمی ڕاپرسییەکەی - پێوەرەکە بەشێوەی ئەلیکترۆنی، بەسەر مامۆستایانی باخچە، لە هەرێمی کوردستان، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٦/١٥ فۆرمەکە دابەشکرا، بۆ ماوەی دوو مانگ بەردەوام بوو، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/١٥ فۆرمە ئەلیکترۆنێکە داخرا

## شەشەم: ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان

١- هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن بەکارهێنرا، بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان نمرەی هەر بڕگەیەک بە کۆی گشتی بڕگەکان-بڕگەکانی پێوەرە پێشنیارکراوەکان بۆ هەڵبژاردنی بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان لە دیدی مامۆستایانی باخچەی منداڵانەوە لە هەرێمی کوردستان، بەهەمان هاوکۆلکە پەیوەندی نێوان بڕگە تاك و جوتەکان بەکارهێنرا بۆ دۆزینەوەی جێگیری پێوەرەکان.

٢-هاوکۆلکەی پەیوەندی سپێرمان – براون بەکارهێنرا، بۆ ڕاستکردنەوەی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن بە مەبەستی جێگیری پێوەرەکە.

٣-ناوەندی گریمانەیی بەکارهێنرا، بۆ دۆزینەوەی ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکە.

٤-هاوکێشەی ئەلفاکرونباخ بەکارهێنرا، بۆ دۆزینەوەی جێگیری ناوەکی پێوەرە پێشنیارکراوەکان بۆ هەڵبژاردنی بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان لە دیدی مامۆستایانی باخچەی منداڵانەوە لە هەرێمی کوردستان؛ هاوکێشەی (ت) بۆ یەك نمونە بەکارهێنرا، بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان ناوەندی ژمێرەیی و ناوەندی گریمانەیی بۆ "پێوەرە پێشنیارکراوەکان بۆ هەڵبژاردنی بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان لە دیدی مامۆستایانی باخچەی منداڵانەوە لە هەرێمی کوردستان"، بە مەبەستی زانینی ئاستی پێوەرەکە لای مامۆستایانی باخچە.

٥-هاوکێشەی (ت) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆ بەکارهێنرا، بۆ دۆزینەوەی هێزی جیاکاری بڕگەکانی پێوەرەکە.

٦-هاوکێشەی ئاماری جیاکاری یەکی-One-way ANOVA بەکارهێنرا، بۆ زانینی جیاوازی پێوەرە پێشنیارکراوەکان بۆ هەڵبژاردنی بەڕێوبەری باخچەی منداڵان لە دیدی مامۆستایانی باخچە بەپێی گۆڕاوی "ساڵی خزمەت و بڕوانامە".

٧-ناوەندی سەنگکراو-The weighted mean بەکارهێنرا، بۆ دەرکردنی کێشی هەربڕگەیەک لە نێو پێوەرەکەدا.

## بەشی چوارەم

## ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، لە ژێر ڕۆشنایی ئامانجەکاندا

ئامانجی یەکەم: پێوەرە پێشنیارکراوەکان بۆ هەڵبژاردنی بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان لە دیدی مامۆستایانی باخچەی منداڵانەوە.

دوای ئەوەی توێژەر پیوەرەکەی بونیادنا، بژاردەیی سیانی بۆ هەڵبژارد، ئینجا لە ڕیگای بەکارهێنانی ناوەندی سەنگکراوەوە، هەستا بە دیاریکردنی هێزی بڕگەکانی پێوەرەکە، لەسەر بنەمای پۆلێنبەندی و پلەبەبدی هێزی بڕگەکان، لە کۆتاییدا ئەنجامەکە بەم شێوەیە دەرچوو،


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

کە لە خشتەی (٧)دا خراوەتەڕوو: بە شێوازێک کە هێزی بڕگەکان، بەپێی ئەم ڕێگایە بڕیاری لەسەردرا: ( ١-١,٦٦ لاوازە ، ١,٦٧-٢,٣٣ ناوەندە ، ٢,٣٤-٣ بەهێزە).

**خشتەی (٧)**

**وەڵامی هێزی بڕگەکانی نمونەی توێژینەوەکە:**

| ژمارەی برگە | ریزبەندی | برگەکان | ناوەندی ژمێریی | لادانی پێوەری | هێزی برگە | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 18 | 1 | پاڵێوراو توانای چاودێریکردنی پاک و خاوێنی باخچە و منداڵانی هەبێت | 2.94 | 0.2560 | 2.94 | بەهێزە |
| 64 | 2 | هەڵگری خەسڵەتە ئیجابییەکانی(دڵسۆزی، ڕاستگۆیی، ئەمانەت پارێزی، بابەتیبوون)بێت | 2.93 | 0.2547 | 2.93 | بەهێزە |
| 68 | 3 | پاڵێوراو ئارەزووی کارکردنی لە بوارەکەیدا هەبێت و منداڵی خۆش بووێت | 2.93 | 0.2755 | 2.93 | بەهێزە |
| 36 | 4 | هاوسەنگ بێت لە گفتوگۆ، دەربارەی پرسە هەستیارەکان | 2.85 | 0.3715 | 2.92 | بەهێزە |
| 67 | 5 | پاڵێوراو خاوەن ڕۆحی لێبووردەیی بێت | 2.92 | 0.2920 | 2.92 | بەهێزە |
| 62 | 6 | توانای تێگەیشتنی هەبێت، لە باروئۆخی مامۆستا | 2.91 | 0.3051 | 2.91 | بەهێزە |
| 48 | 7 | بە شێوەیەکی دادپەروەرانە مامەڵە لەگەڵ کارمەندەکانیدا بکات، دوور لەهەر جیاکارییەک. | 2.9 | 0.3094 | 2.90 | بەهێزە |
| 58 | 8 | پاڵێوراو کەشێکی پڕ لە متمانە بخولقێنێ، لە نێوان خۆی و مناڵان و مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی باخچەی منداڵان. | 2.9 | 0.3209 | 2.90 | بەهێزە |
| 19 | 9 | پاڵێوراو توانای بەسەرکردنەوەی مامۆستایانی هەبێت، بۆ زانینی ئاستی ڕەزامەندی مامۆستایان لە پیشەکانیان و کەشی پەروەردەیی باخچە | 2.89 | 0.3152 | 2.89 | بەهێزە |
| 50 | 10 | پاڵێوراو لەسەرخۆ و نهێنی پارێزبێت | 2.89 | 0.3279 | 2.89 | بەهێزە |
| 60 | 11 | پاڵێوراو مامەڵەکردنی خاکییانە بێت، دور بێت لە لوت بەرزی و خۆبەزلزانی | 2.89 | 0.3562 | 2.89 | بەهێزە |
| 20 | 12 | توانای بڕیاردانی هەبێت بۆ ئەوەی بڕیارەکانی کۆک و تەبا بێت لەگەڵ ڕێنمایی و یاسا گشتییەکان | 2.88 | 0.3243 | 2.88 | بەهێزە |
| 30 | 13 | توانای دابەشکردنی ڕۆڵی هەبێت لەپێناو خۆیەکلاکردنەوە، بەئامانجی سەرکردایەتیکردنی پرۆسەی پەروەردەیی | 2.8 | 0.4126 | 2.88 | بەهێزە |
| 61 | 14 | پەیوەندیەکانی ڕەوان بێت، دور بێت لە مامەڵەی پڕ گرێ و گۆڵ لەگەڵ مامۆستایانی باخچە | 2.88 | 0.3359 | 2.88 | بەهێزە |
| 63 | 15 | لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کەسێتییەکی بەهێز و خوازراوی هەبێت | 2.88 | 0.3368 | 2.88 | بەهێزە |
| 70 | 16 | سەربەخۆ و نێوەندگیر بێت، دوربێت لە دەمارگیری و خزمایەتی و حزبایەتی | 2.88 | 0.3782 | 2.88 | بەهێزە |
| 31 | 17 | توانای هەڵسەنگاندنی ئاستی منداڵانی باخچەی هەبێت | 2.88 | 0.3449 | 2.86 | بەهێزە |
| 66 | 18 | ئاگاداربێت لە دابونەریتی ئەو کۆمەڵگایەی کە کاری تێدا دەکات | 2.86 | 0.3530 | 2.86 | بەهێزە |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بەهێزە | 2.86 | 0.3824 | 2.86 | هەستیار و بیرتیژ بێت، واتا توانای تێبینیکردنی هەبێت | 19 | 69 |
| بەهێزە | 2.85 | 0.4014 | 2.85 | باوەڕی بە کارکردن هەبێت، بە شێوەی تیم | 20 | 13 |
| بەهێزە | 2.85 | 0.3571 | 2.85 | توانای هەڵسەنگاندنی پرۆگرام و چالاکییەکانی هەبێت لەمەڕ دیاریکردنی خاڵە لاوازەکان و پەرەدان بە خاڵە بەهێزەکان | 21 | 22 |
| بەهێزە | 2.85 | 0.3829 | 2.84 | کارامە بێت لە پەیوەندیدا | 22 | 35 |
| بەهێزە | 2.85 | 0.3750 | 2.85 | بەکارهێنانی هێزی مەعریفە و زانست و ئەزموون، لەپێناو زیادکردنی شارەزایی مامۆستایان و منداڵانی باخچە | 23 | 53 |
| بەهێزە | 2.85 | 0.3690 | 2.85 | توانای دڵنیاکردنەوە و بەدەمەوەچوونی پێداویستییەکانی مامۆستایان و منداڵانی باخچەی هەبێت | 24 | 56 |
| بەهێزە | 2.84 | 0.4725 | 2.73 | توانای خستنەڕووی بەدیل و سیناریۆی گونجاوی هەبێت، بۆ دۆخی کوتوپڕ یاخود هەرکات کە پێویستیکرد | 25 | 34 |
| بەهێزە | 2.84 | 0.3875 | 2.84 | بەتەواوەتی ئاگادار بێت لە پیشەکەی و توانای خۆ نوێکردنەوەی هەبێت، بۆ هەر گۆڕانکارییەک لە پرۆسەی پەروەردەییدا، بەپێی ڕۆحی سەردەم | 26 | 40 |
| بەهێزە | 2.83 | 0.3797 | 2.83 | بڕیارەکانی تەریب بێت، لەگەڵ کات و شوێن و توانا بەردەستەکان | 27 | 21 |
| بەهێزە | 2.83 | 0.3919 | 2.83 | پاڵێوراو توانای ڕەخساندنی هەلی هەبێت، بۆ مامۆستایانی باخچە، بە مەبەستی بەشدارییپێکردنیان لە خولە فێرکارییەکان | 28 | 24 |
| بەهێزە | 2.83 | 0.3166 | 2.89 | توانای کارکردنی هەبێت، بۆ بەرزکردنەوەی توانای ئەو کەسانەی کە لە باخچە کاردەکەن | 29 | 25 |
| بەهێزە | 2.83 | 0.3853 | 2.83 | پاڵێوراو ڕێز لە ئایدیا بە کەڵکەکان بگرێت، بۆ بەڕێوەبردنی باخچە | 30 | 57 |
| بەهێزە | 2.82 | 0.3874 | 2.82 | توانای سەرکردایەتی و ئاراستەکردنی کارمەندەکانی هەبیت، بە ئاراستەی گەیشتن بە ئامانجەکان | 31 | 46 |
| بەهێزە | 2.81 | 0.4270 | 2.81 | پاڵێوراو کاربکات بۆ دابینکردنی پێداویستیە مادی و مرۆییەکان، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان | 32 | 12 |
| بەهێزە | 2.81 | 0.3956 | 2.81 | پاڵێوراو توانای فیدباکی هەبێت، بۆ مامۆستایانی باخچە | 33 | 23 |
| بەهێزە | 2.81 | 0.3886 | 2.83 | پاڵێوراو توانای پلاندانانی هەبێت، بۆ( ڕاهێنان، پەرەپێدان، هەڵسەنگاندنی پیشەیی، پێدانی بەرچاوڕونی و ستراتیژیەتی کارکردن) بۆ مامۆستایانی باخچە | 34 | 26 |
| بەهێزە | 2.81 | 0.4184 | 2.81 | داهێنانکار و دەستپێشخەر بێت | 35 | 39 |
| بەهێزە | 2.81 | 0.4208 | 2.81 | پاڵێوراو سوود لە ئەزموونی زانستی و شارەزایی پسپۆڕانی پەروەردەیی وەربگریت بەمەبەستی هەڵسەنگاندن و پەرەپێدان بە توانستی زانستی مامۆستایان | 36 | 44 |
| بەهێزە | 2.81 | 0.4198 | 2.81 | سازاندنی کەشێکی پەروەردەیی گونجاو، لەپێناو گەشەپێدانی | 37 | 55 |


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 29 | 38 | ئاگاداربێت لە تەکنۆلۆجیای فێرکردن | 2.79 | 0.4196 | 2.80 | بەهێزە |
| 3S2 | 39 | ئاگای لە دۆخی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری کۆمەڵگاکەی بێت | 2.86 | 0.3530 | 2.80 | بەهێزە |
| 28 | 40 | خاوەنی مندالّ بێت، بۆ ئەوەی لە زمان و ئاماژە و پێداویستییەکانی مندالّ تێبگات | 2.47 | 0.7079 | 2.79 | بەهێزە |
| 59 | 41 | پالّێوراو کێبرکێیەکی شەریفانە لە نێوان باخچەکاندا، درووست بکات | 2.79 | 0.4419 | 2.79 | بەهێزە |
| 43 | 42 | ئامانجەکان دیاری بکات، بە شێوەیەک کە قابیلی پێوان و جێبەجێکردن بێت | 2.77 | 0.4525 | 2.77 | بەهێزە |
| 47 | 43 | شێوازی دیموکراسی بەکاربهێنێت، لە بەڕێوەبردندا | 2.77 | 0.4429 | 2.77 | بەهێزە |
| 52 | 44 | نرخاندنی پاشخانی دەرونی و کۆمەڵایەتی و کەسێتی مامۆستایان و منداڵانی باخچە، لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان | 2.77 | 0.4371 | 2.77 | بەهێزە |
| 16 | 45 | پالّێوراو بەپێی پێداویستییەکانی بەڕێوەبردنی باخچە، مامۆستای پسپۆڕ وەربگرێت | 2.75 | 0.4935 | 2.75 | بەهێزە |
| 54 | 46 | توانای بەکارهێنانی پاداشت و سزای هەبێت، بە شێوازێکی یاسایی | 2.75 | 0.4709 | 2.75 | بەهێزە |
| 65 | 47 | لە ڕووی جەستەییەوە تەندروست بێت | 2.74 | 0.4916 | 2.74 | بەهێزە |
| 33 | 48 | توانای شیکاری زانستی و بڕیاردانی پەروەردەیی گونجاوی هەبێت | 2.8 | 0.4187 | 2.73 | بەهێزە |
| 42 | 49 | سەرپشککردنی مامۆستایان، لە هێنانی پزیشک و کادری تەندروستی، لەمەڕ سازدانی سیمینار، بە مەبەستی وشیاری تەندروستی منداڵانی باخچە | 2.73 | 0.5158 | 2.73 | بەهێزە |
| 45 | 50 | پالّێوراو بەشێوەیەکی کردەیی، چاودێری ئەنجامی هەوڵە پەروەردەیەکانی بکات، لەمەڕ بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەیەکان | 2.73 | 0.4704 | 2.73 | بەهێزە |
| 49 | 51 | بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ دەسەڵاتەکانی بەکاربهێنێت، بۆ هاندان و کارکردنی مامۆستایان و منداڵانی باخچە | 2.73 | 0.5278 | 2.73 | بەهێزە |
| 3 | 52 | پالّێوراو توانای نوسینی ڕاپۆرت و تۆمار و تێبینییەکانی هەبێت | 2.84 | 0.4006 | 2.71 | بەهێزە |
| 38 | 53 | پێشبینی ئەو گرفتانە بکات، کە دەکرێت لەداهاتوودا ڕوو بدەن | 2.68 | 0.5120 | 2.71 | بەهێزە |
| 2 | 54 | پالّێوراو خولی کارگێری بینی بێت | 2.7 | 0.5398 | 2.70 | بەهێزە |
| 41 | 55 | پالّێوراو بەپێی دیدگایەکی ڕوونی ستراتیجی کاربکات | 2.69 | 0.4987 | 2.69 | بەهێزە |
| 37 | 56 | توانای هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی هەبێت | 2.92 | 0.2871 | 2.68 | بەهێزە |
| 51 | 57 | کارنامەی خاڵی بێت، لە هەرجۆرە سزایەک | 2.68 | 0.5136 | 2.68 | بەهێزە |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 11 | 58 | پاڵیوراو شێوازی جل پۆشین و قیافەی گونجاو بێت بۆ پۆستی بەڕێوەبەری باخچە | 2.66 | 0.6040 | 2.66 | بەهێزە |
| 17 | 59 | خاوەن پاشخان بێت، لە ڕووی توانای کرداری و ئەزموونی هەمەچەشن، لە بواری سەرکردایەتیکردندا | 2.64 | 0.5273 | 2.64 | بەهێزە |
| 1 | 60 | پاڵیوراو پسپۆڕیەکەی باخچە یاخود دەروونناسی بێت | 2.62 | 0.5812 | 2.62 | بەهێزە |
| 5 | 61 | پاڵیوراو شارەزای کۆمپیوتەر بێت، لانیکەم کۆرسێکی کۆمپیوتەری بینیبێت | 2.62 | 0.5695 | 2.62 | بەهێزە |
| 7 | 62 | پاڵیوراو لە لایەن بەڕێوەبەری پەروردەوە، پشتگیری بکرێت | 2.57 | 0.6653 | 2.57 | بەهێزە |
| 15 | 63 | لە لایەن لیژنەیەکی تایبەت، لە ئاست بەڕێوبەرایەتی پەروەردە، لەسەر بنەمای "چاوپێکەوتنی کەسی"، پاڵیوراوەکان بنرخێندرێت | 2.57 | 0.5986 | 2.57 | بەهێزە |
| 8 | 64 | پاڵیوراو لەلایەن سەرپەرشتیاری تایبەتەوە پشتگیری بکرێت | 2.55 | 0.6614 | 2.55 | بەهێزە |
| 14 | 65 | پاڵیوراو بەڕێگای هەڵبژاردن دیاری بکرێت، لەهەمان ئەو ناوچە جوگرافییەی کە باخچەکەی تێدایە | 2.5 | 0.6807 | 2.50 | بەهێزە |
| 27 | 66 | شارەزا بێت، لە دەروونزانی گەشەی منداڵ و جاڕنامەی مافەکانی منداڵان | 2.81 | 0.4032 | 2.47 | بەهێزە |
| 10 | 67 | تەمەنی پاڵیوراو لە 30 ساڵ کەمتر نەبێت و لە 45 ساڵیش زیاتر نەبێت | 2.44 | 0.7452 | 2.44 | بەهێزە |
| 6 | 68 | پاڵیوراو یاریدەدەری بەڕێوەبەر بووبێت، بۆ ماوەیەک کە کەمتر نەبووبێت لە دوو ساڵ | 2.39 | 0.7215 | 2.39 | بەهێزە |
| 9 | 69 | پاڵیوراو پشتگیری بکرێت لەلایەن بەڕێوەبەری پێشووی دەزگاکەوە | 2.35 | 0.7370 | 2.35 | بەهێزە |
| 4 | 70 | پاڵیوراوتوانای هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی سەرجەم دۆسیە و تۆمارەکانی باخچەی هەبێت | 2.84 | 0.3863 | 2.13 | ناوەندە |
| | | پێوەری گشتی | 2.77 | 0.2131 | 2.78 | بەهێزە |


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

لە ڕیزبەندی یەکەمی ئاستی برگەکان، برگەی ژمارە (١٨)یە، کە ناوەندی ژمێرەییەکەی ٢,٩٤، بە لادانی پێوەری ٠,٥٦، هێزی برگەکەیشی ٢,٩٤ ، کۆتا برگەیش، برگەی ژمارە (٤)ە، کە ناوەندی ژمێرەییەکەی ٢,٨٤، بە لادانی پێوەری ٠,٣٨، هێزی برگەکەیشی ٢,١٣؛ ناوەندی ژمێری گشتی وەڵامی نمونەی توێژینەوەکە بۆ "پێوەرە پێشنیارکراوەکان بۆ هەڵبژاردنی بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان لە دیدی مامۆستایانی باخچەی منداڵانەوە" بریتییە لە: ٢,٧٧، لادانی پێوەری بریتییە لە: ٠,٢١٣١ هێزی سەرجەم برگەکانیش بریتییە لە: ٢,٧٨ ئەمەیش ئەوە دەردەخات ئاستیان بەهێزە.

## ئامانجی دووەم

-پێوەرە پێشنیارکراوەکان بۆ هەڵبژاردنی بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان لە دیدی مامۆستایانی باخچەی منداڵانەوە، بەپێی گۆڕاوی ساڵی خزمەت:

بۆ بەدەرخستنی جیاوازی ئاماری، بەپێی گۆڕاوی ساڵی خزمەت، لە نێوان نمونەکانی توێژینەوەکەدا، سوود لە هاوکێشەی ئاماری جیاکاری یەکی- One-way ANOVA بینرا، دەرکەوت بەهای (ف) هەژمارکراو ١,٣٩٠ بچوکترە لە بەهای (ف) خشتەیی ٢,٦٠٤، بە ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥، ئەمەش دەریدەخات "پێوەرە پێشنیارکراوەکان بۆ هەڵبژاردنی بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان لە دیدی مامۆستایانی باخچەی منداڵانەوە" بەپێی گۆڕاوی ساڵی خزمەت جیاوازی نییە، وەک لە خشتەی (٨)دا خراوەتە ڕوو:

**خشتەی (٨)**

هاوکۆلکەی ئاماری جیاوازی یەکی-One-way ANOVA، بۆ زانینی جیاوازی پێوەرە پێشنیازکراوەکان بۆ هەڵبژاردنی بەڕێوەبەری باخچەی باخچەی منداڵان لە دیدی مامۆستایانی باخچەی منداڵانەوە لە هەرێمی کوردستان، بەپێی گۆڕاوی ساڵی خزمەت

بەو پێیەی برگەکانی پێوەرەکە، بە شێوەیەکی وا نوسرابونەوە، کە بوون بە جێگەی سرنج و بایەخ پێدانی نمونەی توێژینەوەکە، هەربۆیە جیاوازی ساڵانی خزمەت نەیتوانی جیاوازی دروست بکات، لە نێوان بۆچونی چینەکانی نمونەی توێژینەوەکە؛ کە ئەمیش یەک دەگرێتەوە لەگەڵ توێژینەوەی (المسعود، ٢٠٠٦)

- پێوەرە پێشنیارکراوەکان بۆ هەڵبژاردنی بەڕێوەبەری باخچەی باخچەی منداڵان لە دیدی مامۆستایانی باخچەی منداڵانەوە لە هەرێمی کوردستان، بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە:

بۆ بەدەرخستنی جیاوازی ئاماری بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە، لە نێوان نمونەکانی توێژینەوەکەدا، سوود لە هاوکێشەی ئاماری

| | کۆی دوجاکان | دوجای ناوەند | بەهای (ف) هەژمارکراو | بەهای (ف) خشتەیی | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لە نێوان گروپ | 2363.613 | 787.871 | 1.390 | 2.604 | 3 | 0.245 |
| لە ناو گروپ | 320232.264 | 566.783 | | | 565 | |
| کۆی گشتی | 322595.877 | | | | 568 | |

جیاکاری یەکی-One-way ANOVA بینرا، دەرکەوت بەهای (ف) هەژمارکراو بریتییە لە: ٠,٦٠٤، کە بچوکترە لە بەهای (ف) خشتەیی کە بریتییە لە: ٢,٩٩٥، بە ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥، ئەمەش دەریدەخات "پێوەرە پێشنیارکراوەکان بۆ هەڵبژاردنی بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان لە دیدی مامۆستایانی باخچەی منداڵانەوە لە هەرێمی کوردستان" بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە، جیاوازی ئاماری تێدا نییە، وەک لە خشتەی

**(٩)دا خراوەتەڕوو:**

**خشتەی (٩)**

| | کۆی دوجاکان | دوجای ناوەند | بەهای (ف) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| لە نێوان گروپ | 687.258 | 343.629 | 0.604 | 2.995 | 2 | 0.547 |
| لە ناو گروپ | 321908.619 | 568.743 | | | 566 | |
| کۆی گشتی | 322595.877 | | | | 568 | |

هاوکۆلکەی ئاماری جیاوازی یەکی-One-way ANOVA، بۆ زانینی جیاوازی پێوەرە پێشنیازکراوەکان بۆ هەڵبژاردنی بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان لە دیدی مامۆستایانی باخچەی منداڵانەوە لە هەرێمی کوردستان بەپێی گۆڕاوی بروانامە لەبەر ئەوەی بڕگەکانی پێوەرەکە بەشێوەیەکی وا زانستی، زنجیرەیی، لۆژیکی دارێژرابوون، بوون بە گوزارشتێکی ڕاستەقینە و زیندوو، لە وێناکردنی ئەو واقیعەیەی کە پێوەرەکەی لەسەر بونیادنراوە، هەربۆیە هەموو برگەکانی پێوەرەکە لە ئاستی بەهێزدا دڵخوازی نمونەی توێژینەوەکەبوون، بە بێ لەبەرچاو گرتنی بروانامەی زانستی، کە ئەمیش یەک دەگرێتەوە لەگەڵ توێژینەوەی (المسعود، ٢٠٠٦)

## ڕاسپاردە:

١- ئەم توێژینەوەیە ببێتە هۆکارێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەموو جۆرەکانی واستەکاری, لە دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی پاڵێوراوەکان بۆ وەرگرتنی پۆستی بەڕێوبەری باخچەکان.

٢- توێژەر پێشنیار دەکات، بۆ لایەنی پەیوەندیدار، بە کردنەوەی خولێکی بنەڕەتی "کارگێری پەروەردەیی"، بۆ ماوەیەک کە کەمتر نەبێت لە شەش مانگ و زیاتریش نەبێت لە ساڵێک، خولەکە خاوەنی پرۆگرامی ئامادەکاری بێت بۆ ئەو کەسانەی کە خوازیاری بەڕێوبەری باخچەی منداڵانن، بەو مەرجەی کە خولەکە لە دەرەوەی کاتی دەوامی فەرمی بێت.

٣- بەدواداچوون بۆ ئاست و ئەدای بەڕێوبەرەکانی باخچەی منداڵان بکرێت، بە مەبەستی زانینی پەیرەوکردن و پابەندبوون و شیاوییان بە پێوەرە پێشنیارکراوەکانەوە.

٤- کردنەوەی بەشێکی تایبەت لە کۆلێژی پەروەردەیی بنەڕەتی لە ژێر ناونیشانی "بەڕێوەبردنی پەروەردەیی"، بۆ ئەوەی دەرچووی ئەم بەشە ئامادە بکرێت، بۆ وەرگرتنی پۆستی بەڕێوەبردنی باخچە و قوتابخانەکان.

## پێشنیار

١-توێژینەوەیەکی هاوشیوە بۆ پێوەر پێشنیارکراوەکان بۆ هەڵبژاردنی بەڕێوەبەری قوتابخانە سەرەتایەکان لە دیدی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی بنەڕەتی پەروەردەییەوە.

٢- ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر ڕۆڵی کاریزمایی بەڕێوبەری باخچەکان لە چارەسەرکردنی کێشە کارگێری و پەروەردەییەکانی باخچەی منداڵان.

٣- بونیادنانی پێوەرێک بۆ هەڵبژاردنی سەرپەشتیارانی پەروەردەیی باخچەی منداڵان لە هەرێمی کوردستان.

٤- بونیادنانی پێوەرێک بۆ هەڵبژاردنی سەرکردە باڵاکانی کارگێری پەروەردەیی لە ئاست گۆڕەپانی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان.

## سەرچاوەکان:

١- قەرەچەتانی ، کەریم شەریف، (٢٠١٤)، ڕێنیشاندەری مامۆستای باخچەی ساوایان(ڕێنمایی و پرۆگرام)، چ ٢، چاپخانەی پەیوەند سلێمانی.

٢- دەرگەڵەیی، دیندار حسێن ئەحمد، (٢٠١٩)، بەڕێوەبردن لە نیوان تیۆر و پراکتیکدا، چاپی دووەم- هەولێر.

٣- حەمەدمین، ڕەمەزان، (٢٠١٦)، سایکۆلۆژیای منداڵ لە باخچەی منداڵان، چاپی یەکەم، کتێبخانەی سۆفیا-کۆیە.

٤- فهمي، د.عاطف عدلي) ٢٠١٣)، معلمة الروضة، الطبعة الخامسة، دار المسيرة، عمان-الأردن.

٥-عدس، محمد عبدالرحيم، (٢٠٠٩)، مدخل الى رياض الأطفال، الطبعة الثالثة، دار الفكر، عمان- الأردن.

٦- شريف، د.السيد عبد القادر، (٢٠١٣)، إدارة رياض الأطفال و تطبيقاتها، الطبعة الخامسة، دار المسيرة، عمان-الأردن.

٧- حەمەبابان، د. ئەحمەد عەلی، محمد، نازەنین عوسمان، محمد، نەزیرە صالح، (٢٠١٦)، گوڵبژێرێک بابەتی پەروەردەیی بۆ قۆناغی پێش چوونە خوێندنگە، چاپخانەی تاران.

٨-العمراني، د.عبدالغني محمد إسماعيل، (٢٠١٤)، إدارة رياض الأطفال، الطبعة الأولى، دارالكتاب الجامعي، صنعاء-يمن.

٩- عبودي، زيد منير، (٢٠١٠)، دور القيادة التربوية في إتخاذ القرارات الادارية، الطبعة الأولى، دار الشروق، عمان-الأردن.

١٠-الطويل، هاني عبدالرحمن صالح، (٢٠٠٦)، الادارة التعليمية ... مفاهيم وآفاق، الطبعة الثالثة، دار الوائل، عمان-الأردن.

١١- خلف، د.أمل، (٢٠١٥)، مدخل إلى رياض الاطفال، الطبعة الثاني، عالم الكتيب، قاهرة-مصر.

١٢- الخواجا، د.عبدالفتاح محمد سعيد، (٢٠٠٤)، تطوير الادارة المدرسية والقيادة الادارية، الطبعة الأولى، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان-الأردن.

١٣- عابدين، د.محمد عبدالقادر، (٢٠٠٥)، الادارة المدرسية الحديثة، الطبعة الثانية، عمان-الأردن.

١٤- المسعودي ، مسلم سليم عيد، (٢٠٠٦)، معاير موقترحة لاختيار مديري مدارس في لامنطقة الشمالية الغربية بالمملكة العربية السعودية من وجهة نظر مديري المدارس، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة مؤتة-الأردن.

١٥- أصلان، صفاء مظهر، (٢٠٠٩)، الادارة الانشطة التربوية في رياض الاطفال، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية-الجامعة دمشق.

١٦- عمر، د.حسام سمير، (٢٠١٧)، تطوير أداء مدير الروضة في ضوء المعاير القومية لرياض الاطفال، مجلمة العلمية لكلية رياض الاطفال-جامعة بورسعيد، العدد (العاشر).

١٨- محاسيس، د.سامي سليمان، (٢٠١٠)، المعلم في رياض الاطفال في الاردن: تأهيله ومعايير اختياره (الواقع والمأمول)، وزارة التربية والتعليم/ادارة التدريب والتأهيل والإشراف التربوي.

١٩- العبودي، صبيحة حسن عطية، (٢٠١٩)، درجة إمكانية تطبيق المعاير الادارية للهيئة الوطنية الامريكية لبرامج التعليم والرعاية المبكرة ومعيقات تطبيقها في إدرة رياض الاطفال في عاصمة عمان من وجهة نظر المديرات والمعلمات، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية علوم التربية-الجامعة الشرق الاوسط.

٢٠- المواجدة، صيام عبدالحميد، (٢٠١١)، بناء مقياس لأختيار مديري المدارس في الأردن، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة مؤتة-الأردن.

٢١- عبدالله، پ.ی.سامی صابر، سلێمان، د.برزۆ همزه، عولا، هۆگر محمد، (٢٠١٦)، کارگێڕی کار، بیردۆزەکان، وەزیفەکانی کارگێڕی-وەزیفەکانی ڕێکخراو، چاپخانەی هێڤی-هەولێر.

٢٢- زقوت، نبل عبدالله، (٢٠٠٧)، تطوير معاير اختيار مديري مدارس وكالة الغوث في غزة من وجهة نظر المشرفين التربوين والمديرين والمعلمين، رسالة ماجستير غير منشوره، كلية التربية، الجامعة الأسلامية فى غزة.

٢٣- العواد، ياسين احمد، (٢٠١٥)، تصور المقترح لتطوير إدارة مدارس التعليم الثانوي العام في الجمهورية العربية السورية في ضوء الفكر الاداري الماعصر، رسالة الدكتورا غير منشوره، كلية التربية-الجامعة دمشق.

٢٤- الحريرى، د.رافيدة، (٢٠١٣)، نشأة إدارة رياض الأطفال، الطبعة الثانية، دار المسيرة، عمان-الأردن.

٢٥- عبدالخالق ، احمد محمد، (١٩٨٠)، استخبارات الشخصية، مقدمة نظرية و معاير مصرية، دار المعارف-القاهرة